# خزمەتی شارستانی

## یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو

## جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە

**مادەی یەکەم:**

١- حوکمەکانــی ئەم یاســایە پیادە دەکرێت لە ســەر گشــت فەرمانبەران لــە فەرمانگەکانــی حکومەت کە مووچــە وەردەگرن لە بودجەی گشــتی و هەروەها جێبەجێ دەکرێت لە ســەر فەرمانبەرانــی کارگێڕی خۆجێیەتی و بودجەی ئەوقاف ، ئەفســەرانی ســوپا و جێگرانی ئەفســەر و ســەرباز و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ناگرێتەوە جگە لە مادەی 53 لەم یاسایە بە رەچاو کردنی هەر دەقێکی هاتوو لەو یاسایانەی تایبەتن بە (المســالک الاخری) و حوکمەکانی تایبەت بــە خزمەتی دەرەوە -الخدمة الخارجیة- کە هاوپێچی ئەم یاسایەیە[1].

2 - تەنیــا حوکمەکانــی مادەکانــی 52 بڕگــە 2 و 3 و مــادە 57 و مــادە 58 دەستەی وەزیران دەیانگرێتەوە، هەروەها بەکاربەران لە بەڵێندەرایەتی تایبــەت لە مــادە 52 بڕگە 2 و 3 دەگرێتەوە تەنیا ئەگــەر بەڵێندەرایەتییان ناکۆک بێت .

## پێناسەکان

**مادەی دووەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایە بریتییە:

**فەرمانبەر :**

هــەر کەســێک کارێکــی وەزیفی هەمیشــەیی پێ بســپێردرێت لــە میلاکی هەمیشەیی تایبەت بە فەرمانبەران.

**(1) پاشکۆی تایبەت بە خزمەتی دەرەوە لە یاسای خزمەتی شارستانی بە پێی مادە 65 لە یاسای خزمەتی دەرەوە ژمارە 122ی ساڵی 1976 هەڵوەشاوەتەوە.**

## فەرمانبەری بەکارهێنەر (المستخدم)[1]

## میلاک:

کۆمەڵێک وەزیفەو پلەبەندی دیاریکراون کە پەسندکراو بێت بە پێی یاسای بودجە یان لە لایەن وەزارەتی دارایی.

## وەزیر:

سەرۆکی وەزیرانە دەربارەی فەرمانبەرانی دیوان و فەرمانگەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری تایبەتمەند پسپۆرە بە فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی و هەر یەک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و سەرۆکی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی و سەرۆکی زانکۆی بەغدا هاوشێوەی وەزیرن دەربارەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانیان لە کاروبارەکانی پەیوەست بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە کە سەرۆک وەزیران بە وەزیر دادەندرێن بۆ ئەو فەرمانگانە، هەروەها وەزیری مەعاریف دەربارەی زانکۆی بەغدا بۆ ئەو کاروبارانەی کە پێویستیان بە مەرسوومی کۆماری هەیە.[2]

## سەرۆکی فەرمانگە:

بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی و پارێزگار و هەر فەرمانبەرێکی کە لە لایەن دەسەڵاتداری سەرۆکی فەرمانگە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران پێی دەسپێردرێت..

**(1) بە بڕیاری ئەنجوومەنی (سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە) ژمارە 911 لە 1976/8/19 هەڵوەشاوەتەوە بەوەی کە (المستخدمین) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی بە سەرەوە سەرپشک کران لە نێوان دامەزاندن وەکو فەرمانبەر یان گواستنەویان بۆ (کرێکار) بەڵام ئەوانەی خاوەن هیچ بڕوانامەیەک نەبوون بە (کرێکار) ئەژمار کران و خرانە ژێر یاسای کاری عێراق). لە مادە 6ی بڕیاری سەرەوەدا هاتووە (عێراقییەکان لە خزمەتی شارستانی دانامەزرێن لە فەرمانگەکانی فەرمی و نیمچە فەرمی و فەرمانگەکانی کەرتی گشتی پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە تەنیا بە سیفەتی (فەرمانبەر) یان (کرێکار) نەبێت).**

**(2) بڕوانە یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە 132ی ساڵی 1970.**

**سەرۆکی ڕاستەوخۆ:**

بریتییە لە سەرۆکی هۆبە یان سەرۆکی ئەو یەکەیەی کە فەرمانبەرەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوونی هەیە.

**سەرۆکی باڵا:**

بریتییە لە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە یان ئەوەی ڕادەسپێردرێت.

**وەزیفەی گشتی:**

وەزیفــەی گشــتی ڕاســپاردەیەکی نیشــتیمانی و خزمەتێکــی کۆمەڵایەتییە ئامانجی ئەوەی دەیکات بەرژەوەندی گشــتی و خزمەت کردنی هاووڵاتیانە لە ژێر ڕۆشنایی بنەمانی کار پێکراوی یاسایی.[3].

## پلە و سەرمووچەی ساڵانەی فەرمانبەران

**مادەی سێیەم:**[4]

## دەرماڵەی تایبەت بە گرانیی بژێوی ژیان

**مادەی چوارەم:**[5]

(3) بڕوانە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە 14ی ساڵی 1991 هەموار کراو.

(4) ئەم مادەیە تایبەتە بە پلە و مووچە و سەرمووچەی ساڵانەی فەرمانبەران، بە پێی حوکمی مادە (20) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و کەرتی گشتی ژمارە 22ی ساڵی 2008 هەڵوەشاوەتەوە کە لە ژمارە 4074 لە 2008/5/12 ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاوکراوەتەوە و لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.

(5) ئەم مادەیە تایبەتە بە دەرماڵەی گرانیی بژێوی ژیانی فەرمانبەران بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1118 لە 1980/7/14 هەڵوەشاوەتەوە و دەرماڵەی بژێوی گرانیی ژیان لەگەڵ مووچەی بنەڕەتی کرایە یەک.

## مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران

**مادەی پێنجەم:[1]**

## دامەزراندنی ئەندامی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی

**مادەی‌شەشەم:[2]**

## مەرجەکانی دامەزراندنی فەرمانبەر

**مادەی حەفتەم:**

فەرمانبەر بۆ یەکەمین جار لە وەزیفەی حکومیدا دانامەزرێت تەنیا ئەگەر:

1 - عێراقی بێت یان رەگەزنامەی وەرگرتبێت کە بە لایەنی کەمەوە (5) ساڵ بەسەر وەرگرتنی رەگەزنامە عێراقییەکەیدا تێپەر بووبێت.[3]

2 - تەمەنی (18) ساڵی تەواو کرد بێت و (16) ساڵ بۆ پەرستاران(ممرضات).

3 - لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت و ساغ و سەلامەت بێت لە نەخۆشییە درمەکان و لەو نەخۆشیانەی نیشانەکانی لەش و بیر و هۆشی رێگربێت لە بەجێ گەیاندنی وەزیفەیەکی دیاریکراو بە پێی بڕیارێک کە لە لایەن

(1) ئەم مادەیە ت بە پێی حوکمی مادە (20) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و کەرتی گشتی ژمارە 22ی ساڵی 2008 هەڵوەشاوەتەوە کە لە ژمارە 4074 لە 2008/5/12 رۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاوکراوەتەوە و لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.
(2) ئەم مادەیە تایبەتە بە دامەزراندنی ئەندامی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی کە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆرش ژمارە 996 لە 1979/8/2 ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی هەڵوەشاوەتەوە بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای راژەی گشتی ژمارە ژمارە 7ی ساڵی 2011. مەرجەکانی دیاری کراوە بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە کارا نەکراوە.
تێبینی: بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە ئەنجوومەنی راژەی هەرێمی کوردستان هەروەها لە عێراقیش دەرچووە پاش رووخانی رژێمی سەدام بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
(3) مەرجی تێپەڕبوونی 5 ساڵ بەسەر وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقی هەڵوەشاوەتەوە بۆ مەبەستی دامەزراندن لە وەزیفەکانی حکومەت بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 536 لە 1974/5/15.

دەسەڵاتدارانی پزیشکی پسپۆڕەوە بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەردەچێت.

4 - خــوو و ڕەوشــتی بــاش بێت و بەهیچ تاوانێکی سیاســی یان کەتنێکی ئابڕووبەر و ساختەکردن وەک دزی و بردنی ماڵی دەوڵەت و (اختلاس) و ساختەکاری و فێڵ کردن و تۆمەتبار نەبێت..

5 - بڕوانامەیەکی خوێندنی باوەڕ پێکراوی هەبێت.[1]

## دامەزراندنی پەککەوتە[2]

## مەرجەکانی پلەی دامەزراندن

**مادەی هەشتەم:**

**ڕەچاو کردنی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە لە کاتی دامەزراندن:**

1 - هەبوونی وەزیفەیەکی بەتاڵ لە میلاک.

2 - دامەزرانــدن یــان گەڕانەوە لە لایەن وەزیری تایبەتمەندەوە بێت، جگە لەوانەی دادەمەزرێن یان دووبارە دادەمەزرێنەوە لەم وەزیفانەی خوارەوە کە بە مەرسومی کۆماری دەردەچێت لە سەر پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران.[3]

---

**(1) بڕوانە بڕگەی سێیەم لە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 125 لە 1974/2/14 تایبەت بە دامەزراندنی خاوەن بەهرەی پیشەیی ئەوانەی خاوەن هیچ بڕوانامەیەکی خوێندن نین بە شێوەی فەرمانبەر و بە ناونیشانی دیاری کراوی وەزیفی.**

**(2) بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 208 لە 1980/2/7 هەموار کراو بە بڕیاری ژمارە 424 لە 1980/3/24 و ڕێنماییەکانی دەرچوو لە نووسینگەی جێگری یەکەمی سەرۆکی وەزیرانی ئەوکات تایبەت بە دامەزراندنی پەککەوتە، ئەوانەی توانای کار کردنیان هەیە و هیچ مووچەیەکی جێگیریان نییە لە فەرمانگەکانی میری و کەرتی گشتی بە پێی تواناکە کە بگونجێت لەگەڵ تواناکانیان بەدەر لە حوکمەکانی یاسای کار و یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکانی خزمەت.**

**(3) بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 996 لە 1979/8/2 تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی و ڕاسپاردنی وەزیرە تایبەتمەندەکان=**

أ- وەزیفەی تایبەت ب- راگر ج- بەڕێوەبەری گشتی د- پشکنەری گشتی
هـ- وەزیری ڕێپێدراو (مفوض) و- پارێزگار ح- راوێژکاری یاریدەدەر
3 - ناکرێت فەرمانبەر بۆ یەکەمجار دابمەزرێت تەنیا لەو پلەیەی کە لە مادەی 9 دیاری کراوە بە مەرجێک ڕەچاوی حوکمەکانی هاتوو لە مادەی 10 بکرێت لەم یاسایە.

## دامەزراندنی یەکەمین جاری فەرمانبەر

**مادەی نۆیەم:**

**فەرمانبەران بۆ یەکەم جار لەم پلە وەزیفیانەی هاتوون بە پێی ئاستی زانستییان دادەمەزرێن:[1]**

---

**= بە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە لە دامەزراندن و دووباره دامەزراندن واتە گەڕانەوە و پلە بەرز کردنەوە و دیاری کردنی مووچە و ئەژمار کردنی ماوەکانی کار کردن (مدد الممارسة) و هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە کاروباری خزمەت هەیە.**

**(1) بە پێیی مادە 4 لە یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە 22ی ساڵی 2008 و دامەزراندنی هەڵگرانی بڕوانامەی جیاجیا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت بە پێی خشتەی ژمارە 1 تایبەت بە پلە و سەرمووچەی ساڵانەی فەرمانبەران:**

**یەکەم:**

**أ- ئەوانەی هەڵگری هیچ بڕوانامەیەکی خوێندن نین لە پلە/10 پایە1 بە مووچەی 140 هەزار دینار.**

**ب - هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی سەرەتایی لە پلە/10 پایە4 بە مووچەی 152 هەزار دینار.**

**ج -هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی ناوەندی لە پلە/9 پایە1 بە مووچەی 185 هەزار دینار.**

**د - هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی بە هەموو لقەکانی لە نێوانیاندا ئامادەییەکانی پیشەیی لە پلە/8 پایە1 بە مووچەی 240 هەزار دینار.**

**هـ - هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا کە ماوەی خوێندنی پێویست بۆ وەدەست هێنانی 2 ساڵە پاش خوێندنی ئامادەیی و پەیمانگەی مامۆستایان ماوەی خوێندنی پێویست بۆ وەدەست هێنانی 5 ساڵە پاش خوێندنی ناوەندی لە پلە/8 پایە5 بە مووچەی 260 هەزار دینار.**

**و - هەڵگرانی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ (بکالۆریۆس) لە پلە/7 پایە1 بە مووچەی 296 هەزار دینار.**

**ز - هەڵگرانی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە دەرمانسازی یان پزیشکی ددان یان پزیشکی ڤێتێرنەری یان ئەندازیاری یان هاوتاکانیان کە ماوەی خوێندنی پێویست بۆ وەدەست هێنانیان لە 5 ساڵ کەمتر نییە پاش خوێندنی ئامادەیی لە پلە/6 پایە1 بە مووچەی 362 هەزار دینار.**

**ح - هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و هاوتاکەی و کۆلیژی پزیشکی عێراقی یان هاوتاکەی کە ماوەی پێویست بۆ وەدەست هێنانی لە 6 ساڵ کەمتر نەبێت پاش خوێندنی ئامادەیی لە پلە/6 پایە3 بە مووچەی 374 هەزار دینار.=**

1 - أ- پاش دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی و هاوتاکانی دانامەزرێندرێن لەو وەزیفانەی کە لە خشتەکانی پاشکۆی یاسای میلاکدا هاتووە.

ب- دەرچووانی قوتابخانەکانی ناوەندی یان قوتابخانەکانی تر کە لە ئاستی ناوەندیدایە لەکەمترین رادە لە پلەی 8.

.ج- دەرچووانی قوتابخانەکانی دواناوەندی یان قوتابخانەکانی تر کە لە ئاستی دواناوەندیدان لە کەمترین رادە لە پلەی 7.

د_ **یەکەم:** هەڵگرانی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و کۆلیژەکان یان هاوتاکانیان لە کەمترین رادەی پلە 6.

**دووەم**- هەڵگرانی بڕوانامەی (ئوستاد) لە زانست یان هونەری (أم.أی. وهاوتاکەی) و دەرمانسازی و ڤێتێرنەری و پزیشکی ددان و ئەندازیاری یان هاوتاکانیان کە ماوەی خوێندنیان پێنج ساڵ کەمتر نییە پاش خوێندنی دواناوەنی لە کەمترین رادەی پلەی 5. راستکردنەوەی مووچەی هەڵگرانی ئەم بڕوانامانە بۆ ئەوانەی لە 1956/6/1 دامەزراون بۆ مووچەی کەمترین رادەی پلەی 5 و خستنە سەری سەرمووچەی ساڵانەی کە بەدەستی هێناوە پاش دامەزراندنی و ئەمەش نابێتە پلە بەرز کردنەوە.

**سێیەم**- هەڵگری بڕوانامەی کۆلیژی پزیشکی عێراقی یان بڕوانامەی هەر زانکۆیەکی تر کە ماوەی خوێندنی شەش ساڵ زیاتر بێت پاش خوێندنی دواناوەندی و بڕوانامەی دکتۆرا کە قوتابی بەدەستی دەهێنێت کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە دوو ساڵ پاش بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بە مووچەی

---

**= ط - هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرین بە کەمتر لە 3 ساڵ پاش بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە پلە/5 پایە3 بە مووچەی 443 هەزار دینار.**

**دووەم: ساڵانی خوێندنی تر لە سەر ئەو بڕوانامانەی بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە ئەژمار دەکرێن بە شێوەی سەرمووچەی ساڵانە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن.**

102ر500 دینار مانگانە.[1]

**چــوارەم-** هەڵگــری بڕوانامەی دکتۆرا کــە ناتوانرێت بەدەســتی بهێنی بە کەمتر لە 3 ساڵ پاش بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە کەمترین رادەی پلەی 4.

2 - دەکرێت دامەزراندنی دەرچووانی قوتابخانەکان و پەیمانگەکانی پیشەیی و خانەی مامۆســتایان و پەیمانگەکانی باڵا یــان هاوتاکانیان کە خوێندنیان زیاتــرە لە ســنووری دیاری کــراو لــە بڕگەکانی ســەرەوە و دەرچووانی خولەکان، کە ماوەیان کەمتر نەبێت لە 6 مانگی بەردەوام پاش سنووری ئەو پلە وەزیفیانەی بۆیان بڕیار دراوە بە زیاد کردنی ســەرمووچەی ساڵانەی بۆ هەر ســاڵێکی خوێندن بە بێ خۆبەســتنەوە بە ســنووری ئەو پلانەی لە سەرەوە هاتوون.[2]

ب- بــە رەچاو کردنــی حوکمەکانی مادەی 7 دەکرێت ئەوانە دابمەزرێن کە لە خولی پەروەردەیی دەرچوون کە لە تشرینی دووەمی 1959 رێکخرابوو بە پێی حوکمەکانی یاسای وەزارەتی مەعاریف بە مەرجێک مووچەی زیاتر نەبێــت لە مووچەی دەرچووی خولی پەروەردەیی کە ماوەکەی لە شــەش مانگ زیاتر بێت پاش خوێندنی دواناوەندی.[3]

**مادەی دەیەم:**

1 - دەکرێت دەرچووانی قوتابخانەی باڵا و پیشــەیی دابمەزرێن ئەوانەی ئەو خولانەیان بڕیوە کە لە مادە 9ی سەرەوەدا باس کراوە کە پیشەکەیان پیــادە کردووە کە بڕوانامەکە رێگایــان پێدەدات بە پیادە کردنی لە خزمەت یان دەرەوەی خزمەت لە وەزیفەکانی کە پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە بە

**(1) راست کراوەتەوە وەکو لە سەرەوە هاتووە جێگای گرتۆتەوە بە پێیی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1118 لە 1980/7/14.**
**(2) وەکو لە سەرەوە هاتووە بە پێیی هەمان بڕیاری پێشوو راست کراوەتەوە.**
**(3) بە یاسای ژمارە 130 لە ساڵی 1960 زیاد کرا (یاسای دووەمین هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی).**

مووچەی بەرزتر لە مووچەی ڕێگە پێدراوی لە کاتی یەکەم دمەزراندنی بە مەرجێک نابێت ماوەی کار کردنی تێدا کەمتر بێت لە مەرجی ماوەی یاسایی پلـە بەرز کردنەوە بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنــی وەزیران یان ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی، هەریەکەیان بە پێی دەسەڵاتەکانی ئەگەر میلاک یاریدەدەر بوو بۆ ئەم مەبەستە، بە مەرجێک ماوە کەمەکەی لە مەرجی ماوەی یاسایی پلە بەرز کردنەوەی ئەژمار بکرێت بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە و لە سەر ئەم بنەمایە مووچەکەی ڕاست دەکرێتەوە بەرامبەر ئەم بێدادییەی (غبن) کە لێی کراوە، بە هۆی ڕاست کردنەوەی ریزبەندی پلەکان یان ماوەی پلە بەرز کردنەوە بە هۆی ڕاست کردنەوەی یاساکانی پێشووی خزمــەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاســایە، بە مەرجێک مــاوەی دواکەوتنی ئەژمار ناکرێت لە پلە بەرز کردنەوە بۆ ئەم مەبەستە.

2 - مــاوەی خوێندنــی بەرز (الدراســة العالیــة)ی فەرمانبەر کــە هەڵگری بڕوانامــەی بەرایی بێت و وازی هێنا بێت (اســتقال)، پاشــان بڕوانامەیەکی بەرزتری بەدەست هێنا ئەوا بە خزمەتی بەردەوام دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی ســەرمووچە و پلــە بەرز کردنەوە لــە کاتی دووبــارە دامەزراندنەوەی، بە مەرجێک ماوەکە زیاتر نەبێت لە کەمترین ماوەی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی ئــەم بڕوانامەیە، ئەو ماوەیەش بۆ ئەوانــەی فەرمانبەر نین بە پیادە کردنی پیشــە دادەنرێت، هەروەها ئەو پیادە کردنەی کــە بکەوێتە پێش بڕوانامەی ئاماژە پێ کراو بە مەرجێک لە سەر بابەتێک بێت کە پەیوەندی بە بڕوانامە بەراییەکەیەوە هەبێت و مووچەکانی لە ســەر ئەم بنەمایە ڕاســت بکرێتەوە بــۆ ئەوانەی دامەزراون یان دووبارە دادەمەزرێنەوە، پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەگەر میلاک یارمەتیدەر بێت.

3 - ئەژمار کردنی پیادە کردنی پێشووی ئەوانەی کە خزمەتیان لە سوپادا هەیــە بــۆ خولی پیشــەیی کە دێــت لە دوای بەدەســت هێنانــی بڕوانامەی

قوتابخانه بۆ مەبەستەکانی ئەم مادەیە.

4 – ئــەم پیادە کردنــە ئەژمار ناکرێت بە درێژایی ماوەی دەرکردن (فصل) بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە و سەرمووچە، ئەگەر هاتوو دەرکردنەکە بە هۆی سیاسییەوە نەبێت.(1)

**مادەی یازدەیەم:**

**بــۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کــە بڕیاری پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەر بــدات لــە کاتی هەبوونــی پلەی بەتاڵ یان پێدانی پێشخســتن بــۆ پلە بەرز کردنەوە یان ڕاست کردنەوەی مووچەکەی و دانەنانی ئەم ڕاست کردنەوەیە بە پلە بەرز کردنەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

1 – ئەگەر هاتوو مووچەیەکی وەرگرت کەمتر بێت لە شایستەکەی بە پێی بڕوانامەو پیادە کردنی پیشەکەی.(2)

2 – ئەگــەر هاتــوو لە کاتــی خزمەتــدا بڕوانامەیەکی خوێندنی بەدەســت هێنــا کە پەیوەندی ڕاســتەوخۆی بە وەزیفەکەی هەبێــت ڕێگای پێ دەدات مووچەیەکی بەرزتر بەدەست بهێنێت لە مووچەکەی و ئەم ڕێوشوێنانە ئەو ماوانە ناگرێتەوە کە تێیدا پلە بەرز کردنەوەی دواکەوتووە.(3)

## مەرجەکانی دامەزراندنی بەکارهێنەران (المستخدمین) و پلە بەرز کردنەوەیان

**مادەی دوازدەیەم و سێزدەیەم:(4)**

---

**(1) بە یاسای ژمارە 135 لە ساڵی 1963 (یاسای نۆیەمین هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی) زیاد کرا.**
**(2) بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 607 لە 1980/4/28.**
**(3) بە پێی یاسای ژمارە 210 لە ساڵی (یاسای هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی) 1964 زیاد کرا.**
**(4) بە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 911 لە 1986/8/19 هەموو کاروبارەکانی تایبەت بە بەرکارهێنەران (المستخدمین) هەڵوەشاوەتەوە.**

# ماوەی چاودێری و تاقی کردنەوەی فەرمانبەر

**مادەی چواردەیەم:**

1 - فەرمانبەر لە کاتی یەکەم دامەزراندنی دەخرێتە ژێر تاقی کردنەوە بۆ ماوەی یەک ساڵ لە خزمەتی کردەیی و دەبێت فەرمانی چەسپاندنی دەربچێت لە پلەکەی، پاش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە ئەگەر دڵنیا بوون لە تواناکانی، ئەگەر نا ئەوا ماوەی تاقی کردنەوەکەی بۆ (6) مانگی تر درێژ دەکرێتەوە.

2 - دەستبەردار بوون لە فەرمانبەرەکە ئەگەر فەرمانگەکەی دڵنیا بوو کە دەست نادات بۆ ئەو کارەی تێیدا دامەزراوە لە ماوەی تاقی کردنەوە، کە لە بڕگە1 لەم مادەیە هاتووە.

3 - ئەژمار کردنی ماوەی تاقی کردنەوە لە ماوەی خزمەتی فەرمانبەر دوای چەسپاندنی.[1]

4 - پشووەکانی قوتابخانە بە خزمەتی کردەیی دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی بڕگە1ی ئەم مادەیە دەربارەی ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم پشووانە.

5 - فەرمانبەری (دەست لێ بەردراو -المستغنی عنه) بە پێی ئەم مادەیە بۆی هەیە پەڵپ (اعتراض) لە فەرمانی دەستبەردار بوونەکەی بدات لە لای ئەنجوومەنی ڕێککاری گشتی لە ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی فەرمانی دەستبەردار بوونەکەی و بڕیاری ئەنجوومەنەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.[2]

---

**(1) واتە بە خزمەتی کردەیی ئەژمار دەکرێت.**

**(2) بە پێی بڕگە (یەکەم/4) لە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 996 لە 1979/8/2 پێداچوونەوە بە پەڵپەکانی (الاعتراضات) کە فەرمانبەری دەستبەردار کراو لە خزمەتەکانی لە ماوەی ژێر تاقی کردنەوە، لە پسپۆرییەکانی ئەنجوومەنی ڕێککاری گشتی دەبێت.**

## دانانی فەرمانبەری دووبارە گەڕاوە بۆ وەزیفە لە ژێرتاقیکردنەوە

**مادەی پازدەیەم:**

فەرمانبـەری نەچەسـپێندراو سـەر لەنـویَ دەخرێتـە ژێر تاقـی کردنەوە ئەگەر گەڕێندرایەوە بۆ وەزیفەکەی پاش وازهێنانی یان هەڵوەشـاندنەوەی وەزیفەکەی یان دەستبەردار بوونی و نابێت مووچەی زیاتری لە مووچەی پێشتری پیَ بدرێت تەنیا ئەگەر ئەم یاسایە ڕێگای بدات.

## شایستەکانی فەرمانبەر لە ڕێکەوتی دەست بەکار بوونی

**مادەی شازدەیەم:**

١- فەرمانبەر لە کاتی دامەزراندنی شایسـتەی مووچە و دەرماڵە دەبێت لە دەسـتپێکی ڕێکەوتی دەسـت بە کار بوونی و ئەگـەر هاتوو لە ماوەی (7) ڕۆژ دەسـت بەکار نەبوو لـە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی بە دامەزراندنەکەی، جگە لـە ڕۆژانی سـەفەر، لە سـەر لایەنی تایبەتمەندە کە ئـاگاداری بکاتەوە بە دەست بەکار بوون و ئەگەر هەر دەست بەکار نەبوو بەبیَ هیچ پاساوێکی ڕەوا لـە مـاوەی 7 ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی ئاگادار کردنەوەکەی ئەگەر لـە ناوەوەی عێراق بێت یان لە مـاوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی عێراق بوو یان ئەگەر شـوێنی نادیار بـوو، ئەوا فەرمانی دامەزراندنەکەی بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

2 - هەروەها ئەگەر دەسـت بەکار نەبوولـە کارەکەی لە حاڵەتی هەبوونی پاساوی رەوا (عذر مشروع) لە ماوەی یەک مانگ ئەگەر لەناوەوەی عێراق یان 2 مانگ ئەگەر لە دەرەوەی عێراق بێت، ئەوا بە هەمان شێوە فەرمانی دامەزراندنەکەی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.

3 - ئەو فەرمانبەرەی وەزیفەکەی هەڵوەشـاوەتەوە یان دەسـتبەردار کرا

یان دوور خراوە (عزل) یان دەرکرا (فصل) بە بێ دەست کێشانەوی (سحب الید) سایشـــتەی مووچەکـــەی دەبێت تـــا رۆژی پێڕاگەیاندنی بـــە فەرمانی لابردنەکـــەی تەنیـــا ئەگەر ئەرکەکانی وا پێویســـت بکات، کـــەوا ئەرکەکانی رادەســـت بـــکات و ماوەیەکـــی گونجاوی پـــێ دەدرێت و ناردنـــی وێنەیەک لە فەرمانەکە بۆ فەرمانبەر یان شـــوێنی نیشـــتەجێ بوونی هەمیشـــەیی، بە پێراگەیاندن دادەنرێت بۆ مەبەستی ئەم مادەیە..

## دامەزراندنی ئەفسەری سوپا و خانەنشینانی سوپا بە وەزیفەی شارستانی

**مادەی حەڤدەیەم:[1]**

## پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەر

**مادەی هەژدەیەم:**

هەڵبژاردنی فەرمانبەران بۆ پلە بەرز کردنەوە لە سەر بنەمای توانا و ماوەی خزمەتـــی دەبێـــت جگە لـــە وەزیفەکانی فێرکردن و پزیشـــکی و ئەندازیاری کـــە فەرمانبەرەکە دەبێت مەرجی هەڵگرتنی بڕوانامەی زانســـتی هەبێت، کە بگونجێت لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی بە پێی یاسای میلاک.

## مەرجەکانی پلە بەرز کردنەوە

**مادەینۆزدەیەم/بڕگە 1 و 2:**

1 – دەکرێت فەرمانبەر پلەکەی بەرز بکرێتەوە بۆ پلەیەکی دواتر لە پلەکەی خۆی بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

---

**(1) ئەم مادەیە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ژمارە 1014 لە 1979/9/16 هەموار کراو هەڵوەشاوەتەوە.**

أ- هەبوونــی پلــەی بەتاڵ کە هاوتا بێت یان بەرزتر بێت لەو وەزیفەیەی کە نیاز وایە پلەکەی بۆ بەرز بکرێتەوە.

ب- سەلماندنی تواناکانی لە کارەکانی وەزیفەکەی و سەرکەوتووتر بێت لە هاوەڵەکانی تری، بە راسپاردەی وەزارەتەکەی یان فەرمانگەکەی، جگە لەو وەزیفانەی کە بەدەرن لە کاتی دامەزراندنی بە پێی مادە 8ی ئەم یاسایە.[1]

ج- تــەواو کردنــی ماوەی دیاری کراو لە خشــتەی هاتوو لە مادەی 3 ئەم یاسایە.[2]

2 - ئەژمــار کردنــی ئــەو ماوەیــەی کە فەرمانبەر بەســەری بــردووە لە پلەی پێشــووی، پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاســایە بۆ مەبەستەکانی پلە بەرز کردنــەوە لــە پلە نوێیەکەی بــۆ پلەیەکی بەرزتر لەگــەڵ پارێزگاری کردن لە ماوەی پلە بەرز کردنەوەی پێشووی ئەگەر هاتوو مووچەکەی بووە مووچەی کەسی (راتب شخصی) ئەگەر مووچەکەی بکەوێتە نیوەی دووەمی پلەکەی لە 1956/6/1 و پلەی بەرزنەبۆوە بە ماوەی پلە بەرز کردنەوەی پێشووی.[3]

## پێشخستن (قدم)

### مادەی نۆزدیەم/ بڕگەکانی 3 و 4 و 5 و 6 و 7:[4]

3 - ئەوانــەی کــە تەنیا پاڵپشــت بــە بڕوانامەی خوێندن دامــەزراون بە

(1) واتە پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی.
(2) مادەی 3 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو تایبەتە بە پلە و مووچە و سەرمووچەی ساڵانەی فەرمانبەران، بە پێی حوکمی مادە (20) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت و کەرتی گشتی ژمارە 22ی ساڵی 2008 هەڵوەشاوەتەوە کە لە ژمارە 4074 لە 2008/5/12 رۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە و لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.
(3) لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە پێش 1956/6/1 دامەزراون بە پێی یاسای خانەنشینی هیچیان لە خزمەت نەماون، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە باسمان کرد.
(4) تکایە تێبینی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بکرێت ژمارە 26ی ساڵی 2010 تایبەت بە پێشخستن..

مووچەیەک زیاتر بێت لە کەمترین رادەی پلەکەی، ئەم ماوە کاتیەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە مووچەکەی بە پێشخستن بۆ دادەندرێت بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە.

4 –

أ– هەر فەرمانبەرێک لەماوەی یان لە دەرەوەی خزمەتی وەزیفیدا بڕوانامەیەکی پسپۆری زانکۆیی بەدەست هێنا، (1) ساڵ پێشخستنی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە بە مەرجێک ئەو بڕوانامەیە نەبووبێتە بنەمایەک بۆ دیاری کردنی مووچەکەی بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە و ئەوانە ناگرێتەوە کە پێش 1940/4/1 ئەم بڕوانامەیان بەدەست هێناوە.[1]

ب– پێدانی پێشخستن بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ هەر فەرمانبەرێک لە کاتی ماوەی یان دەرەوەی خزمەتی وەزیفیدا بڕوانامەی دبلۆمی باڵا بەدەست بهێنێت، بە مەرجێک:

**یەک** – دەبێت بڕوانامەی دبلۆم لە دوای بڕوانامەی بەرایی زانکۆ یان هاوتاکەی بێت و ماوەی خوێندنی بڕوانامەی دبلۆمەکەی نابێت لە (2) ساڵ کەمتر بێت.

**دوو** – بڕوانامەکە نەبووبێتە بنەمایەک بۆ دیاری کردنی مووچەکەی.[2]

**سێ** – بڕوانامە بەدەست هاتووەکە پەیوەندیدار بێت بە کارەکانی وەزیفەکەی یان ئەو وەزیفەیەی بۆی کاندید دەکرێت.

---

**(1) پێویستە ئاماژە بکەین بە برگەی یەکەم لە رێنماییەکانی خزمەتی شارستانی ژمارە 119 ی ساڵی 1979، هەروەها بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 401 لە 1975/4/12 کە تێیدا بڕیار دراوە بە پێدانی پێشخستن بۆ ماوەی 2 ساڵ بۆ ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆرا بەیەک قۆناخ بەدەست دەهێنن بەدەر لە مادەی 19ی برگە 4ی سەرەوە لەیاسای خزمەتی شارستانی هەروەها تێبینی رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بکرێت ژمارە 26ی ساڵی 2010 تایبەت بە پێشخستن.**

**(2) واتە بە هەمان بڕوانامە دانەمەزرا بێت.**

ج – پێدانی پێشخستن بۆ ماوەی 6 مانگ بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە بۆ هەر فەرمانبەرێک لە کاتی یان لە دەرەوەی خزمەتی وەزیفیدا بڕوانامەی دبلۆمی باڵای (یەک ساڵ خوێندن) بەدەست هێنا پاش خوێندنی بەرایی زانکۆ یان هاوتاکەی کە لە بڕگەی دووەم و سێیەم و بڕگە ب هاتووە[1].

د– بەدەر کردنی دبلومە پزیشکییە باڵاکان لە بڕگەی (ج) کە لە دوای بڕوانامەی پزیشکی عێراقی یان هاوتاکەی دێت، کە تواناکانی هەڵگرەکەی رێگای پێ دەدات بۆ بەدەست هێنانی نازناوی (پزیشکی پسپۆر) کە دادەندرێت بە بڕوانامەی پسپۆری زانکۆیی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی بڕگە/أی سەرەوە.

هـ – حوکمەکانی هەردوو بڕگەی ( ب، ج) پیادە ناکرێن لە سەر هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم کە بەدەست هاتووە پێش 1974/12/14.

5 – پێدانی پێشخستن بۆ ماوەیەک بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە بۆ هەر فەرمانبەرێک کە بە سەرکەوتوویی خولێکی راهێنان دەبڕێت کە ماوەی خولەکە لە (6) مانگی بەردەوام کەمتر نەبێت، لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق وەکو لە خوارەوە هاتووە:

أ – ماوەی (6) مانگ بۆ ئەوانەی تێکڕای نمرەی تاقی کردنەوەکانیان لە خولەکە (85 %) بەسەرەوە بێت یان بە پلەی (زۆر باش).

ب – ماوەی (3) مانگ بۆ ئەوانەی تێکڕای نمرەی تاقی کردنەوەکانی لە خولەکە (70 – 84 %) بێت یان بە پلەی (باش).

ج – پێشخستنی هاتوو لەم بڕگەیە ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە بەشدارییان لە خولەکانی راهێنان کردووە و بە سەرکەوتوویی دەرچوون

**(1) ئەو بروانامەیە نەبووبێتە بنەمایەک بۆ دیاری کردنی مووچەکەی و.پێویستە بڕوانامە بەدەستهاتووەکە پەیوەندی هەبێت بە کاری وەزیفەکەی یان ئەو وەزیفەیەی بۆی کاندید دەکرێت .**

پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (45) ی ساڵی 1974.[1]

6 - ئەو پێشخستنەی کە لە بڕگەی 5ی سەرەوە هاتووە ئەوانە ناگرێتەوە کــە تێکــڕای نمرەکانیان (70 %) کەمترە، بەڵام لــە کاتی کێبڕکێی پلە بەرز کردنەوە لە بەرچاو دەگیرێن .

7 - هــەر فەرمانبەرێــک بەشــداری خولی راهێنان بــکات و تێکڕای نمرەی تاقیکردنەوەکانــی 50 % کەمتــر بێت ئەوا ماوەی پلــە بەرز کردنەوەی بۆ ماوەی (1) ساڵ دوا دەکەوێت لە ڕێکەوتی شایستەی پلە بەرز کردنەوەی.

## پێشخستن بۆ ماوەی یەک مانگ

ئەگەر هاتوو فەرمانبەر ڕێز و سوپاسی ئاراستە کرا لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی وەزیران یان وەزیــر یان فەرمانبەری راســپێردراو (مخول) و ســزا نەدرا بێت یان ســزا درا بێت و کاریگەری ســزاکەی بەســەرچوو بێت، ئەوا یەک مانگ پێشخســتنی پێ دەدرێت بۆ هەر ڕێز و سوپاســێک بە مەرجێک ماوەی پێشخستنەکە لە 3 مانگ تێپەڕ نەبێت لە یەک ساڵدا.[2]

## کردنەوەی خول بۆ فەرمانبەران

**مادەی نۆزدەیەم/ بڕگەکانی 8 و 9:**

8 - بەشــداری کردنی فەرمانبەر لە خولەکانی راهێنان بە شێوەی ناچارییە بــۆ ئــەو فەرمانبەرانــەی کە وەزارەتــی پەیوەندیدار بڕیار لە ســەر کاندید کردنیان دەدات بۆ بەشداری کردن لە خولەکان.

**(1) ئەم بڕگەیە زیاد کرا بە پێی مادەی دووەم لە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 1975.**
**(2) مادە 21 برگە یەکەم لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی میری و کەرتی گشتی ژمارە 14ی ساڵی 1991ی هەموار کراو.**

9 - ناوەندی نیشـــتیمانی بۆ راوێژکاری و پەرەپێدانی کارگێڕی هەڵدەستن بە سەرپەرشـــتی کردنی خولەکانی راهێنان و دانانی پرۆگرامی تێروتەسەل و هەر شتێکی تر کە پێویست بکات بۆ کردنەوەی ئەم خولانە.

## خستنە ژێر تاقی کردنەوەی فەرمانبەر پلەبەرزکراو

**مادەی بیستەیەم:**

1 - فەرمانبـــەری پلـــە بـــەرز کراو بـــۆ وەزیفەیەک کـــە ئەرکەکانی جیاواز بێـــت لە ئەرکەکانی پێشـــووی، لە ژێر تاقی کردنـــەوە دادەنرێت بۆ ماوەی شـــەش مانگ لە رێکەوتی دەســـت بە کار بوونی لەو وەزیفەی کە پلەی بۆ بەرزکراوەتەوە و دەبێت فەرمانی چەسپاندنی پێ دەربچێت لە پلەکەی پاش کۆتایـــی هاتنی، ئەگەر دڵنیا بوو لە تواناکانی لەو وەزیفەیەی کە پلەکەی بۆ بەرزکراوەتـــەوە، بە پێچەوانەوە ماوەی تاقی کردنەوەکەی درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات.

٢- فەرمانبەر دەگەڕێندرێتەوە بۆ پلەی پێشووی ئەگەر ناتوانایی سەلمێندرا لـــە ماوەی ژێر تاقی کردنـــەوە کە لە بڕگە 1 هاتووە لەم مادەیە، بۆی هەیە پەڵـــپ (اعتـــراض) بکات لە لای ئەنجوومەنی خزمەتی گشـــتی لە ماوەی 30 رۆژ لـــە رۆژی پێڕاگەیاندنی بە فەرمانەکە و بڕیاری ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی لەم بوارەدا بە پلەی کۆتایی دادەندرێت.[1]

**(1) بە پێی بڕگە (یەکەم -٤) لە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 996 لە 1979/8/2 تێرامان لەو پەڵپانەی کە لە لایەن فەرمانبەرانەوە پێشکەش دەکرێن بۆ ئەنجوومەنەی خزمەتی گشتی، گۆڕدرا بۆ کارەکانی ئەنجوومەنی رێککاری گشتی.**

## دامەزراندنەوەی فەرمانبەری چەسپێندراو

**مادەی بیست و یەکەم:[1]**

ئەگـەر دووبـارە فەرمانبـەری چەسـپێندراو کـە کۆتایـی بـە خزمەتکەی هاتبێـت بەهەر هۆیەک بوو بێت، دامەزرایـەوە بە پلەیەکی خوارتر لە پلەی پێشووتری و وەزیفەیەکی بەتاڵ هەبوو کە هاوتا بوو لەگەڵ پلەی پێشتری ئەوا دەکرێت مووچەی پلە بەرزترەکەی پێ بدرێت لەگەڵ سەرمووچەکانی و ئەو ماوەیەی کە لە پلە خوارترەکە بەسـەری بردووە ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە.

## دانەمەزراندنەوەی فەرمانبەری چەسپێندراو

**مادەی بیست و دووەم:**

ناکرێـت فەرمانبەری چەسـپێندراو کـە کۆتایی بە خزمەتەکـەی هاتبێت بە هـەر هۆیەک بوو بێت، دووبـارە دابمەزرێتەوە بە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی پێشووتری، تەنیا ئەگەر مەرجە یاساییەکانی پلە بەرز کردنەوەی تەواو کرد بوو یان ئەو توانایانەی هەبوو کە لە مادەی 9 و 10 ئەم یاسـایە هاتووە، دەکرێت دووبارە دابمەزرێتەوە بە پلەیەکی گونجاو لەگەڵ تواناکانی.

---

**(1) بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 514 لە 1981/4/23 بڕیار درا بە هاوتا کردنی مووچەی فەرمانبەری وازهێنەر (المستقيل) بۆ مووچەی ئەو پلەیەی کە پێش وازهێنانەکەی وەریدەگرت، ئەگەر هاتوو دووبارە دامەزرایەوە بە مووچەیەک کە کەمتر بێت لە مووچەکەی پێش مووچەی پێشووی.**

## لیژنەی پلە بەرز کردنەوە

**مادەی بیست و سێیەم:[1]**

لیژنەیەکی کاندید کردنی فەرمانبەران بۆ پلە بەرز کردنەوە بە فەرمانی وەزیر پێک دێت لە هەر وەزارەتێک بە لەبەر چاو گرتنی (خزمەتی ئەو فەرمانبەرەی کە پلەی بەرز دەکرێتەوە و ئەو راپۆرتانەی دەرهەق بە فەرمانبەرەکە دەدرێنە لیژنە)، ئاگادار کردنەوەی ئەو فەرمانبەرەی کە لیژنە بڕیاری کاندید نەکردنی بۆ پلە بەرز کردنەوە دەدات و بۆی هەیە پەلپ (اعتراض) بگرێت لە لە لای وەزیر لە ماوەی 10 رۆژ لە رێکەوتی پێڕاگەیاندنی و بڕیاری وەزیریش کۆتاییە.

## ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی

**مادەکانی (بیست و چوارەم) تا (سی و دووەم) :[2]**

## چاودێری کردنی ژمارەی فەرمانبەران و رێکخستنیان

**مادەی سی و سێیەم:**

1 - وەزیری دارایی لە کاتی هەڵسانی بە چاودێری کردنی ژمارەی فەرمانبەران، بۆی هەیە داوای هاوکاری بکات لە دەستەیەک لە پشکنەران بۆ لێکۆڵینەوە لە پێویستی زیاد کردنی وەزیفە و گەڕان بە دوای وەزیفە زیادەکان.

---

**(1) ئەم مادەیە بە پێی مادەی یەکەم لە یاسای ژمارە 119 ی ساڵی 1974ی هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو بەم شێوەیەی سەرەوە هەموار کراوەتەوە.**

**(2) ئەنجوومەنی هەڵوەشاوەی خزمەتی گشتی بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 996 ی ساڵی 1979 بە هۆیەوە مادەکانی (24-32) کە کاروبارەکانی ئەم ئەنجوومەنی رێک دەخست هەڵوەشاوەتەوە بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای راژەی گشتی ژمارە ژمارە 7ی ساڵی 2011. مەرجەکانی دیاری کراوە بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە کارا نەکراوە.**

2 - له ســەر وەزیری دارایی پێویســتە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ گواســتنەوەی فەرمانبەرانی زیادە لە هــەر وەزارەتێک بۆ فەرمانگەکانی تر یان هەڵوەشاندنەوەی وەزیفەکانیان بە پێی یاسای میلاک.

## ڕاهێنانی فەرمانبەران

**مادەی سی و چوارەم:**

لە وەزارەتە تایبەتمەندەکان لە کاتی پێویســت خولەکان ڕێک دەخرێن بــۆ ڕاهێنانی فەرمانبەران، ئەوانەی کەوا بڕیاری ڕاهێنان دەیانگرێتەوە بۆ زیاد کردنی تواناکانیان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری دارایی لــە ماوە و مەرجی چوونــە ناو خولەکە و مافەکانــی دەرچووانی ئەم خولانە.

## وازهێنان (الاستقالة)

**مادەی سی و پێنجەم:**

1 - بــۆ فەرمانبــەران هەیە واز لــە کارەکەیان بهێنن بە پێشــکەش کردنی داواکارییەکی نووسراو بۆ سەرووی خۆیان.

2 - ســەرووی خۆیان دەبێــت بە داواکەیاندا بچێتــەوە لەماوەیەک کە تێپەڕ نەبێت لە 30 ڕۆژ و لە کاتی تەواو بوونی ئەم ماوەیەش فەرمانبەر بە دەست لە کار هەڵگرتوو ئەژمار دەکرێت، تەنیا ئەگەر فەرمانی ڕەزامەندی دەربچێت.

3 - ئەگــەر فەرمانبەر وازهێنانی پێشــکەش کرد و ڕێکەوتێکی تێیدا دیاری کرد بۆ قەبوڵ کردنی، پێویســتە پێش یان لە هەمان ڕێکەوتی ئەو وادەیەی دیاری کردووە ڕەزامەندی لە سەر بدرێت.

## گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر دەبێت پاش 3 ساڵ بێت

**مادەی سی و شەشەم:**

فەرمانبــەر ناگواســترێتەوە لــە شــوێنی کارەکەی تــا پاش تــەواو کردنی ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە 3 ســاڵ ئەگەر لە شــوێنە ئاســاییەکان بێت و ماوەیەک کەمتر نەبێت لە یەک ســاڵ و نیو لەو شــوێنانەی کە شایســتەی وەرگرتنــی دەرماڵەی ناوخۆییە، نابێــت بگوازرێتەوە پێش ئەو ماوەیە تەنیا ئەگەر بەرژەوەندی گشــتی وا بخوازێت یان پێویســتییەکی تەندروســتی و دەبێت پێویســتییەکانی بەرژەوەندی گشــتی پاڵپشتی کراو بن بە هۆیەکانی دیاری کراو لە فەرمانی گواســتنەوەکە، بەڵام پێویســتی تەندروستی دەبێت پشتگیری کراو بێت بە راپۆرتەکانی دەستەکانی پزیشکی فەرمی.

## پەیوەندی کردن بە وەزیفە پاش گواستنەوەی راژە

**مادەی سی و حەفتەم: برگە/1**

1 - پێویســتە ئــەو فەرمانبــەرەی کــە گواســتنەوەی خزمەتەکــەی پــێ رادەگەیەندرێت، لە ماوەی (5) رۆژ جگە لە رۆژانی سەفەر پەیوەندی بکات بــە فەرمانگە نوێیەکەی تەنیا ئەگەر لە فەرمانی گواســتنەوەکەی ماوەیەکی زیاتــر لــەم ماوەیە دیاری کرابێت و ئەگەر دواکەوت لە پەیوەندی کردن و هیچ پاســاوێکی رەوای پێشکەش نەکرد، لە سەر سەرووی تایبەتمەندە، کە فەرمانبەرەکــە ئــاگادار بکاتەوە بە پەیوەندی کــردن بە وەزیفەکەی پاش 7 رۆژ لــە ئاگادار کردنەوەکە ئەگەر پەیوەنــدی نەکردەوە بەبێ هیچ هۆیەکی یاسایی ئەوا بەدەست لە کار کێشاوە ئەژمار دەکرێت.(1)

**(1) دەست هەڵگرتن و دەست بەکار بوونی ئەو فەرمانبەرانەی کەوا گواستنەوەی خزمەتیان بۆ دەکرێت لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر، بە پێی رێنمایی دارایی ژمارە 26ی 2012 رێکخراوە بەم شێوەیە:=**

## دەست بە کاربوونەوەی فەرمانبەر پاش تەواو بوونی مۆڵەتەکەی

### مادەی سی و حەفتەم: بڕگە/2 و 3 و 4 و 5

2 – پێویستە لە سەر فەمانبەر دەست بەکار بکاتەوە لە کارەکەی لە کاتی تەواو بوونی مۆڵەتی، ئەگەر دەست بەکار نەبوو بەبێ هیچ پاساوێکی رەوا، ئەوا لە سەر سەرووی تایبەتمەندە کە ئاگاداری بکاتەوە بە شێوەی نووسراو کە پەیوەندی بکات بە وەزیفەکەی لە ماوەی (7) رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنی ئەگەر لە ناوەوەی عێراق بێت و 30 رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراق بێت یان ئەگەر شوێنی نیشتەجێی نادیار بوو، ئەوا بە دەست لە کار کێشاوە ئەژمار دەکرێت.

3 – ئەو فەرمانبەرەی شوێنی نیشتەجێی نادیار بێت، ئاگادار دەکرێتەوە بە هۆی ئاگاداری لە رۆژنامە ناوخۆییەکان و رۆژی بڵاو کردنەوەش دەبێە سەرەتای ئاگادار کردنەوەکە.

4 – بڕگەکانی سەرەوە دەرهەق بە فەرمانبەری نەهاتوو بۆ سەر کار جێبەجێ دەکرێت.(1)

---

=1 – لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەک بۆ فەرمانگەیەکی تر لە ناو سەنتەری پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە سنووری پارێزگاکان دەبێت پاش نیوەڕۆ لە فەرمانگەکەی دەست لە کار هەڵبگرێت و رۆژی پاشتر لەو فەرمانگەیەی بۆی گواستراوەتەوە دەست بەکار بێت.

2 – لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەک بۆ فەرمانگەیەکی تر لە سنووری پارێزگاکان مافی دەست بەکار بوونی هەیە لە فەرمانگە نوێییەکەی لە دوای 3 رۆژ لە رێکەوتی دەست لە کارهەڵگرتنی و بە رۆژەکانی سەفەریشەوە.

3 – لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە پارێزگایەک بۆ پارێزگایەکی تر مافی دەست بەکاربوونی هەیە لە فەرمانگە نوێیەکەی لە دوای 5 رۆژ لە رێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنی بە رۆژەکانی سەفەریشەوە.

تێبینی: مادەی 37ی سەرەوە بە پێی یاسای ژمارە 95ی ساڵی 1968. یاسای هەمواری بیست و چوارەمینی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو راست کرایەوە وەکو لە سەرەوە هاتووە.

(1) واتە ئەوانەی کارەکەیان بەبێ هۆ بەجێ دەهێڵن.

5 - ماوەی ئاگادار کردنەوەی بە مۆڵەتی ئاسایی دادەنرێت ئەگەر لە ماوەی ئاگادار کردنەوەکە فەرمانبەرەکە پەیوەندی نەکردەوە.[1]

## هێنانی فەرمانبەر بە شێوەی خواستن (اعارة)

**مادەی سی و هەشتەم:**

1 - دەکرێت فەمانبەر بخوازرێت بۆ دەرەوەی میلاکی حکومەت بە رەزامەندی فەرمانبەرەکە (بە نووسراو) بە بڕیارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بە مەرجێک ماوەی خواستنەکە لە 5 ساڵ تێپەڕنەبێت و دەکرێت درێژ بکرێتەوە بۆ 5 ساڵی تر بۆ ئەوانەی لە ناوچەی کەنداو و دوورگەی عەرەبی کار دەکەن..

2 - ئەو فەرمانگەیەی فەرمانبەرەکەی خواستووە پابەندە بە گەڕاندنەوەی فەرمانبەری خوازراو بۆ وەزیفەیەک کە یەکسان بێت لەگەڵ پلەکەی پاش کۆتایی هاتنی ماوەی خواستنەکە، تەنیا ئەگەر لە وەزارەتێکی تر وەزیفەیەکی یەکسان بە وەزیفەکەی هەبوو دەتوانرێت دابمەزرێت تێیدا.

3 - ئەگەر فەرمانگە خوازەرەکە فەرمانبەرە خوازراوەکەی گەڕاندەوە، پێش تەواو بوونی ماوەی خواستنەکە، پابەندە بە پێدانی مووچەکانی تاکو دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی لە لایەن فەرمانگەکەی یان تەواوبوونی ماوەی خواستنەکە.

4 - ئەو مووچەیەی فەرمانگە خوازەرەکە (الدائرة المستعيرة) دابینی دەکات بۆ فەرمانبەری خواستراو هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە سەر پلەکەی.

---

**(1) بە پێی یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 2002ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ژمارە 27ی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، سەبارەت بە فەرمانبەری نەهاتوو (مادەی یەکەم: ئەگەر فەرمانبەر لەماوەی ساڵێکی تەقویمیدا، بەبێ هیچ پاساوێکی رەوا و بەجێ بۆ ماوەی (30) رۆژ لە فەرمانگەکەی داببڕێت، سا ئەو دابڕانە بە شێوەیەکی لە دوای یەک بێت یان پچڕ پچڕ بێت، ئەوە بە دەستهەڵگرتوو لە قەڵەم دەدرێ).**

5 - مــاوەی خواســتن ئەژمــار دەکرێت بە خزمەت بۆ مەبەســتی پلە بەرز کردنــەوە و دەکرێــت فەرمانبــەر پلە بــەرز کردنەوەی بۆ بکرێــت لە کاتی (ماوەی خواستن) بە راسپاردەی فەرمانگە خوازەرەکە (الدائرة المستعيرة).[1]

## فەرمانبەری راسپێردراو بە خزمەتی سەربازی

**مادەی سی و نۆیەم:** [2]

## خانەنشین کردن

**مادەی چلەم:**

ئەو فەرمانبەرەی داوای خانەنشین دەکات پێویستە بە شێوەیەکی نووسراو داواکەی پێشــکەش بە ســەرووی خۆی بکات کە هۆیە یاســاییەکانی تیادا دیاری کرابێت لە داواکاری ئیحالە کردنەکە، ئەگەر هاتوو هۆیە یاساییەکانی هەبــوو، ئــەوا دەبێت لــە مــاوەی 30 رۆژ تێنەپەڕێت رەزامەندی لە ســەر داواکارییەکەی بدرێت.

## هەڵوەشانەوەی وەزیفەی فەرمانبەر

**مادەی چل و یەکەم:**

ئەگەر فەرمانبەر وەزیفەکەی هەڵوەشــایەوە و لە رێکەوتی هەڵوەشــانەوەکە وەزیفەیەکی بەتاڵ هەبوو لەو فەرمانگەی کە بۆی تەنسیب کراوە، کە کارەکانی هاوشــێوەی کارەکانی وەزیفەکەی بێت و لە هەمان پلەدا بێت، بە گواستراوە

**(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕێنمایی خزمەتی شارستانی ژمارە 11ی ساڵی 1960 دەربارەی خواستنی فەرمانبەر.**
**(2) تایبەتە بە فەرمانبەر کاتێک دەچووە خزمەتی سەربازی و دەبووە سەرباز لە سوپای عێراق.**

دادەنرێت بە مووچەی ئێستای، ئەگەر هاتوو وەزیفە بەتاڵەکە پلەیەک خوارتر بوو لە پلەکەی خۆی، سەرپشـــک دەکرێت بە رازی بوون یان نەبوونی، و لە حاڵەتی رازی بوونی بە شێوەی نووسین، دەبێت دابمەزرێت لەو وەزیفەیە.

## گواستەوەی راژەی فەرمانبەر بۆ کارێک کە سروشت و یاسای خزمەتی جیاواز بێت

**مادەی چل و دووەم:**

1 - دەکرێت فەرمانبەر خزمەتی بگوازرێتەوە لە (مسلک)ێک کە مەرجەکانی بەکارهێنانـــی جیـــاواز بێـــت لـــە مەرجەکانـــی دیاری کـــراو لەم یاســـایە بە رەزامەندی خودی خۆی بە نووسراو، ئەگەر هاتوو ئەو پلەیەی کە تێیدایە لە ناو میلاکاتی تایبەت بە فەرمانبەران بێت، وەکو: گواســـتنەوەی فەرمانبەری خزمەتـــی دادوەری یان خزمەتی پۆلیس بۆ وەزیفە شارســـتانییەکان و لەم حاڵەتـــەدا نابێـــت مووچەیەکی پێ بدرێت کە زیاتر بێت لە مووچەکەی کە لە وەزیفەکەی پێشتر وەری دەگرت.

2 - ناکرێت خزمەتی فەرمانبەری فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان بگوازرێتەوە بـــۆ فەرمانگە فەرمییـــەکان، بەڵام دەتوانرێت دابمەزرێـــن بە مووچەیەک کە شایســـتەی بـــن بە پێـــی بڕوانامە و پیادە کردنـــی کارەکانیـــان بێت بە پێی حوکمەکانی یاسای خزمەتی شارستانی.

3 - ناکرێـــت خزمەتـــی فەرمانبەری فەرمانگە فەرمییـــەکان بگوازرێتەوە بۆ فەرمانگە نیمچە فەرمییەکان، بەڵام دەکرێت بە شێوەی خواستن بێت بە پێی مادەی 38ی ئەم یاسایە.[1]

---

**(1) بەم شێوەیەی سەرەوە راست کرایەوە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1014ی ساڵی 1976 ، هەروەها بڕوانە رێنمایی ژمارە 9ی ساڵی 1960ی یاسای خزمەتی شارستانی.**

## مۆڵەتەکان

**مادەی چل و سێیەم: بڕگەکانی 1 تا 5**

### 1 - مۆڵەتی ئاسایی

1 – فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بۆ (1) ڕۆژ بە مووچەی تەواو لە هەر (10) ڕۆژ کار کردن لە ماوەی خزمەتی.

2 – پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای داواکارییەکی نووسراو دەبێت بە مەرجێک بەژەوەندی گشتی بەجێ بهێنێت و نابێت ڕێگری بکرێت لە فەرمانبەر بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی بە هۆی بەرژەوەندی گشتی لە شەش مانگ تێنەپەڕێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی یەکەم داواکاری.[1]

3 – دەکرێت مۆڵەتی کەڵەکە بووی (رصيد الاجازات) کۆ ببێتەوە بۆ ماوەی 180 ڕۆژ بە مەرجێک نابێت مۆڵەتی بە مووچەی تەواو پێ بدرێت بۆ ماوەی زیاتر لە (120) ڕۆژ بۆ هەر جارێک.[2]

4 – ئەگەر هاتوو فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی ئاسایی نەبوو و وا پێویست بکات کە مۆڵەتی پێ بدرێت، دەکرێت مۆڵەتی پێ بدرێت بۆ ماوەی (60) ڕۆژ بە بێ مووچە.[3]

5 – فەرمانبەری ژێر تاقی کردنەوە مامەڵەی فەرمانبەری چەسپێندراوی لەگەڵ دەکرێت بۆ وەرگتنی مۆڵەتی ئاسایی.[4]

---

**(1) (واتە تا 6 مانگ دەتواندرێت لەبەر بەرژەوەندی گشتی مۆڵەتی پێ نەدرێت پاش ئەو ماوەیە دەبێت پێی بدرێت).**
**(2) (واتە پێویستە بە لایەنی کەم (180 ڕۆژ) مۆڵەتی کەڵەکە بووی (رصيد الاجازات) هەبێت ئینجا مۆڵەتی 120 ڕۆژ بەمووچەی پێ بدرێت).**
**(3) تێبینی: واتە ئەگەر هیچ مۆڵەتی کەڵەکە بووی نەبوو ئەوا دەکرێت 60 ڕۆژی بێ مووچە پێ بدەیت ئەگەر زۆر پێویستی پێ بوو.**
**(4) واتە: 3 ڕۆژ لە مانگێکدا.**

## 2 - مۆڵەتی منداڵ بوون و دایکایەتی[1]

### مادەی چل و سێیەم: برگە 6 [2]

(1) لە یاسای دەرماڵەی منداڵ بوون و دایکایەتی ژمارە 23ی ساڵی 2003ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ژمارەی 45ی وەقایعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە هاتووە (مادەی یەکەم: ئەو ئافرەتەی لە مۆڵەتی منداڵ بووندا یان لە مۆڵەتی دایکایەتیدا بێت، بە درێژایی مۆڵەتەکەی مووچە و دەرماڵەی تەواوی پێ دەدرێت).
(2) ڕێنمایی دارایی ژمارە (29) بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە 11095 لە 2013/6/12 تایبەت بە مۆڵەتی منداڵ بوون و دایکایەتی

1 - فەرمانبەری دووگیان شایستەی مۆڵەتی پێش منداڵ بوون دەبێت بۆ ماوە 21 ڕۆژ بە مووچەی تەواو بە مەرجێک داواکارییەک بە نووسراوی پێشکەش بکات کە تێیدا ڕۆژی دەستەڵگرتنی دیاری کرا بێت و پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی (هاوپێچ) بێت کە حاڵەتی دووگیانی بسەلمێنێت و ڕۆژی لە دایک بوونی منداڵەکەی تێیدا دیاری کرابێت بە شێوەیەکی خەملێندراو.

2 - فەرمانبەری ئاماژە بۆ کراوی خاڵی 1ی سەرەوە شایستەی مۆڵەتی دوای لە دایک بوون دەبێت بۆ ماوەی 51 ڕۆژ پاڵپشت بە (بڕوانامەی لە دایک بوون) کە لە لایەنێکی تەندروستییەوە ڕاستێندرا بێت.

3 - لە کاتی تەواو بوونی مۆڵەتی خاڵی 1ی سەرەوە بەبێ ئەوەی لەدایک بوون ڕوویدات فەرمانبەری دووگیان بۆی هەیە داوای مۆڵەتی ئاسایی یان نەخۆشی بکات بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی فەرمی بۆ پڕکردنەوەی ماوەی نێوان مۆڵەتی پێش منداڵ بوون و کاتی لەدایک بوون.

4 - لە کاتی پێشکەش کردنی (بڕوانامەی لە دایک بوون) لە لایەن فەرمانبەری دووگیان، فەرمانگەکەی فەرمانی مۆڵەتی دوای منداڵ بوون بۆ ماوەی 51 ڕۆژ و دایکایەتی بۆ ماوەی (یەک ساڵ)ی بۆ دەردەکات لە بەرواری لەدایک بوونەوە کە لە بڕوانامەی لەدایک بوون تۆمار کراوە، و مۆڵەتی دایکایەتی لە بەرواری دوای تەواو بوونی مۆڵەتی پاش منداڵ بوون دەست پێ دەکات.

5 - مەبەست لە پێدانی مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ئەوەیە دایک بە تەواوەتی خۆی تەرخان بکات بۆ چاودێری منداڵەکەی کە ساڵێکی تەمەنی تەواو نەکردووە هەر بۆیە:

أ- فەرمانبەری دایک بۆی نییە لە کاتی مۆڵەتی دایکایەتیدا هیچ کارێک ئەنجام بدات بە پێچەوانەوە ئەگەر سەلمێندرا کە کار دەکات، مۆڵەتی دایکایەتیەکەی کۆتایی پێ دەهێندرێت و سەرجەم ئەم مووچە و دەرماڵانەی کە لە مۆڵەتەکەدا وەری گردتووە لێی وەردەگیرێتەوە.

ب- نابێت دایک لە کاتی مۆڵەتی دایکایەتیدا بخوێنێت، تەنانەت ئەگەر لە سەر خەرجی خۆشی بێت.

8 - فەرمانبەری گرێبەست شایستەی مۆڵەتی دایکایەتی نابێت بەڵام بە پێی ڕێنمایی دارایی ژمارە 2ی ساڵی 2015 شایستەی ئەم مۆڵەتە دەبن بەڵام بە بوونی هەندێک جیاوازی.

7 - فەرمانبەری دایک لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتی بە درێژایی ئەم مۆڵەتە شایستەی دەرماڵەی بڕوانامەو منداڵ و هاوسەریەتی دەبێت، بەڵام دەرماڵەی پایە تەنیا بۆ یەک مانگ بۆی خەرج دەکرێت.

8 - ناکرێت مۆڵەتی دایکایەتی بەش بەش بکرێت و ئەگەر فەرمانبەری دایک مۆڵەتەکەی بچڕاند و دەست بەکار بۆوە لە سەر کارەکەی پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکە بە وازهێنانی لە مۆڵەت دادەندرێت و ناکرێت دوایی داوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەی بکات کە ماویەتی.

9 - کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە پێچەوانەی خاڵەکانی سەرەوە بێت. =

6 – فەرمانبەری ئافرەت شایستەی مۆڵەتی دایکایەتی و منداڵ بوون دەبێت پێش دانانی کۆرپە و دوای دانانی کۆرپە بۆ ماوەی 72 رۆژ بە مووچەی تەواو بە مەرجێک کەمتر نەبێت لە 21 رۆژ پێش دانانی کۆرپە و دەکرێت ئەم مۆڵەتە دووبارە ببێتەوە لە کاتی دووبارە بوونەوەی دووگیانی و دانانی کۆرپە.(1)

## 3 - مۆڵەتی ئەو ئافرەتەی کە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات

### مادەی چل و سێیەم: برگە 7

فەرمانبەری ئافرەت لە کاتی کۆچی دوایی کردنی مێردەکەی سایشتەی مۆڵەتی (اجازة عدة) بە مووچەی تەواوە بۆ ماوەی (130) رۆژ.(2)

## 4 - مۆڵەتی ئاسایی بۆ ئەوانەی پشووی خوێندن دەیانگرێتەوە

### مادەی چل و چوارەم: بڕگەی 1 و 2 و 3

1 – ئەوانەی کەوا پشووی خوێندن دەیانگرێتەوە (مامۆستا) شایستەی ئەو مۆڵەتانە نابن کە لە (مادە/ 43 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی1960 هەموار کراو ) لە سەرەوە هاتووە، جگە لەوەی هاتووە لە بڕگە

---

**= 10 – فەرمانبەری دایک مۆڵەتی دایکایەتی پێ دەدرێت پێش دامەزراندن یان دوای دامەزراندن بۆ ماوەی ساڵێک بە مەرجێک تەمەنی منداڵەکەی لە ساڵێک زیاتر نەبێت پاڵپشت بە بەڵگەنامەی لەدایک بوون بە پێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (8) بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە 4800 لە 2013/3/7**

**(1) بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1534 لە 1979/11/13 کە دوو هەمواری بۆ کراوە بە ژمارەکانی 1736 لە 1979/12/13 و 581 لە 2 /1982/5 لە بڕگە 2 هاتووە (دایک مافی هەیە مۆڵەتی دایکایەتی وەربگرێت بە درێژایی ماوەی خزمەتەکەی بۆ چوار جار).**

**(2) ئەم مۆڵەتە بە پێی یاسای ژمارە 12ی ساڵی 2007 ی هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموارکراو هاتووە بە زیادکردنی بڕگە 7 لە مادە 43 لەیاسای خزمەتی شارستانی کە لە بەغدا دەچووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسای جێبەجێکردنی پێ دەرنەچووە و پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت یان بە هۆی ڕێنماییەکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت چونکە فەرمانبەری ئافرەت کاتێک هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات پێویستی بەم ماوەیە هەیە بۆ ئەوەی کاروباری خۆی و منداڵەکانی ڕێک بخات، هەروەها پەیامێکی خوداییە.**

6ی مادەی 43 لەم یاسایە[1]. بۆ وەزیری تایبەتمەند هەیە داوای هەندێک لەو فەرمانبەرانە بکات بۆ جێبەجێ کردنی هەندێک لە ئەرکەکانی تایبەت بە خوێندن لە ماوەی ئەم پشـــووە (واتە پشـــووی خوێندن) (بە مەرجێک ماوەی پشووەکە کە وەری دەگرێت نابێت لە 45 ڕۆژ کەمتر بێت بۆ هەر ساڵێکی خوێندن).[2]

2 - دەکرێــت فەرمانبەرانـــی کە بڕگـــە 1ی ئەم مادەیـــە دەیانگرێتەوە تەنیا بۆ مـــاوەی (7) ڕۆژ زیاتـــر نەبێـــت مۆڵەتی ئاســـایی بـــە مووچـــەی تەواویان پێ ببەخشرێت بۆ هەر ساڵێکی خوێندن.[3]

3 - خولاندنەوەی مۆڵەتەکانی ئاســـایی (کە لە برگە 1ی مۆڵەتی ئاسایی بە پێی مادە 43ی ئەم یاسایە هاتووە) بۆ ئەو کەسەی کە پشووەکانی خوێندن دەیگرێتەوە لە پێش گواســـتنەوەی بۆ قوتابخانەکان و دەکرێت سوودی لێ وەربگرێت بە پێی (برگە 1ی مۆڵەتی ئاســـایی بە پێی مادە 43 هاتووە) بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی مادە (45) ی ئەم یاسایە.

## 5 - مۆڵەت بە هۆی هاوسەر

### مادەی چل و چوارەم: بڕگەی 4

4 :

أ- بۆ وەزیر هەیە بە بەخشینی شایستەی مۆڵەتەکانی ئاسایی بە مووچەی تەواو بەو فەرمانبەرە ئافرەتانەی هاوســـەرگیرییان کردووە و ئارەزوویان

---

**(1) مۆڵەتی تایبەت بە دایکایەتی و منداڵ بوون.**

**(2) (واتە بە هەموو حاڵەتێک ئەگەر داواش بکرێتەوە لە ماوەی پشووی خوێندن نابێت ماوەکەی بگاتە ئەوەی کەوا فەرمانبەرەکە پشووی هاوینەی کەمتر ببێتەوە لە 45 ڕۆژ).**

**(3) بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1677 لە 1979/12/3 دەسەڵات دراوە بە ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی ناوبراو دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان بۆ پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بەبێ مووچە بۆ فەرمانبەرانی دەستەکانی فێرکردن بەدەر لە حوکمەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ئەگەر پێویستی کرد بۆ پێدانی ئەم مۆڵەتە بە مەبەستی هاوەڵی کردنی کەس و کاریان کە نەخۆش دەبن و بڕیار دەدرێت کە لە دەرەوەی عێراق چارەرسەر بکرێن.**

هەیە بە گەیشتن بە هاوسەرەکانیان لەدەرەوەی عێراق، ئەگەر لەم ماوەیەش زیاتر بوو، ئەوا بە بێ مووچە ئەگەر هاتوو هاوســەرەکەی فەرمانبەر بوو و کارەکــەی لە دەرەوەی عێراق ئەنجام بــدات یان نێردراو بێت بە کارێکی فەرمــی بۆ ماوەی 1 ســاڵ زیاتر یان ئەگــەر هاتوو قوتابی زەماڵە بوو یان مۆڵەتــی خوێندنــی وەرگرتبوو یــان خوێندن تەواو بکات لە ســەر خەرجی خۆی بە پشــتگیرییەک لە شــوێنێکی فەرمی یان ئەگەر هاتوو نەخۆش بوو چارەســەرییەکەی پێویســتی بە دەرەوەی عێراق هەبوو، بە پێی بڕیارێکی لیژنــەی پزیشــکی، ناکرێت زیاتر لــە 1 جار لەم بابەتە ســوودمەند بێت لە ماوەی نیشــتەجێی هاوسەرەکەی لە یەک شوێن تەنیا ئەگەر هاتوو مۆڵەتی هاوســەریەتییەکەی کۆتایــی پێهێنا بە مەبەســتی ســوود وەرگرتن لە هەر مۆڵەت یان پشوویەک بە مووچەی تەواو.

ب – دەکرێت وەزیر مۆڵەتی هاتوو لە بڕگە (أ)ی سەرەوە بدات بە هاوسەری فەرمانبەر (پیاو) بۆ گەیشتن بە هاوسەرەکەی (ئافرەت) کە کار بکات بە پێی حاڵەتەکانی هەمان بڕگە.

5 – بۆ وەزیری تایبەتمەند هەیە بە بەخشینی مۆڵەتی ئاسایی بە بێ مووچە بۆ ئافرەتی مامۆســتای سەرەتایی یان ناوەندی یان فەرمانبەر (ئافرەت) بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بگوازرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی هاوسەرەکەیان و کە پلەی بەتاڵی نییە، بە رەچاو کردنی پســپۆرییەکەی دەربارەی ئافرەتی مامۆســتای ناوەنــدی ئەگەر هاتــوو پلەی بەتاڵ هەبــوو، ناکرێت مۆڵەتەکە ببڕدرێت و دەست بە کار ببێتەوە دوای تەواو بوونی نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندن دەربارەی مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی.[1]

---

**(1) بە پێی یاسای ژمارە 95ی ساڵی 1968ی هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ئەم بڕگەیە زیاد کراوە.**

## پێدانی مووچەی بنەڕەتی بۆ ماوەی 180 رۆژ
## (پاداشتی کۆتایی خزمەت)

**مادەی چل و پێنجەم:**

1 - فەرمانبەری (خزمەت کۆتا هاتوو) بە هامەهەنگی لەگەڵ میلاکات یان فەرمانبەری خانەنشین کراو جگە لە حاڵەتەکانی دەرکردن (الفصل) یان دوورخستنەوە (العزل)، کۆکراوەی مووچەی بنەڕەتی پێ دەدرێت بەرامبەر بە مۆڵەتە ئاساییەکانی بۆ ماوە (180) رۆژ لە رۆژی دەست لە کار هەڵگرتنی و دواتر پێی دەدرێت سەرباری مافەکانی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت بە پێی یاسای خانەنشینی.(1)

(1 - ئەندامی دەستەی وانەبێژی (تدریسی) یان فێرکاری (تعلیمی) کە خانەنشین دەکرێن و حوکمەکانی بڕگە2ی مادەی 45 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو دەیانگرێتەوە، مووچە و دەرماڵەیان پێ دەدرێت، هەروەها مووچە و دەرماڵەی 180 رۆژیش بە پێوەری وەرگرتنی دوا مووچە، لە رۆژی خانەنشین کردنیەوە، جا چ حاڵەتەکە لە نیوەی یەکەم یان دووەمی ساڵی خوێندن بێت).(2)

2 - هەر کەسێک سوود لە پشووی قوتابخانە وەربگرێت و خزمەتەکەی لە رێگای هەماهەنگی میلاکەوە کۆتایی هاتبێت یان خانەنشین کرابێت، جگە لە حاڵەتەکانی (لادان- عزل) و دەرکردن (فصل) لە نیوەی یەکەم یان دووەمی ساڵی خوێندندان، مووچە و دەرماڵەکانی پشووی هاوینەی پێ دەدرێت، بە مەرجێک لە 180 رۆژ زیاتر نەبێت.(3)

---

**(1) تێبینی: دەقی بڕگە (1)ی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش هەموار کرایەوە بەم شێوەیەی سەرەوە دەخوێندرێتەوە.**
**(2) ئەم بڕگەیە وەکو هاتووە لە سەرەوە راست کرایەوە بە پێی یاسای ژمارە 16ی ساڵی 2007 ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو.**
**(3) بڕگە 2ی ئەم مادەیە وەکو هاتووە لە سەرەوە راست کرایەوە بە پێی یاسای ژمارە 16ی ساڵی=**

3 - ماوەی مۆڵەت یان پشووی هاتوو لە هەردوو بڕگەی رابردوو بە خزمەت ئەژمار ناکرێن.

4 - فەرمانبەری گەڕاوە بۆ خزمەت پێش تەواو بوونی ماوەی کە لە هەردوو بڕگەی 1 و 2ی سەرەوە هاتووە، مووچەکانی شایستەی لێ وەردەگیرێتەوە بە شێوەی یەک جار یان بە شێوەی پشک (قسط) دەگێڕدرێتەوە لەو مووچەیەی کە شایستەی دەبێت پاش گەڕانەوەی بۆ سەر کار.

5 - حوکمەکانی ئەم بڕگانەی پێشووتر وەزیریش دەگرێتەوە لە کاتی وازهێنانی لە پۆستی وەزارەتەکەی لە سەر مووچەی پێش وەرگرتنی پۆستی وەزارەت ئەگەر هاتوو شایستەی مۆڵەتی ئاسایی یان ئەوانەی کەوا بڕگەی 2ی سەرەوە دەیانگرێتەوە لەم مادەیە بە پێی ئەم یاسایە.[1]

6 - لە کاتی کۆچی دوایی کردنی یەکێک لەوانەی بڕگەکانی سەرەوە دەیگرێتەوە، مووچەکانی دەدرێتە ئەو کەسانەی شایستەی دەبێت ئەوانەی کە هەقی مافەکانی خانەنشینیان دەکەوێت بە پێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی.

---

**= 2007 ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو، هەروەها تێرامان لە یاسای هەمواری ژمارە 6ی ساڵی 1968ی یاسای خزمەتی شارستانی و بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 464 لە 1981/4/14.**

**(1) واتە ئەو مووچەیەی کە پێشتر وەزیر وەریدەگرت پێش وەرگرتنی پۆستی وەزارەت دەبێتە بنەمایەک بۆ خەرج کردنی مووچەی مۆڵەتەکانی ئاسایی کەڵەکە بوو کە شایستەی دەبێت لە کاتی نەمانی لە پۆستی وەزیر.**

## 6 - مۆڵەتی نەخۆشی

**مادەی چل و شەشەم:**

1 – فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو دەبێت بە تێکڕای (30) ڕۆژ لە ساڵێکی تەواودا و دوایی 45 ڕۆژ بە نیوە مووچە لە هەمان ساڵدا بە مەرجێک:

أ– نابێت مۆڵەتی نەخۆشی بۆ هەر نەخۆشییەکی تێپەڕبێت لە 120 ڕۆژ بە مووچەی تەواو و پاش ئەم ماوەیە مۆڵەتی نەخۆشی پێ دەدرێت بۆ ماوەی 90 ڕۆژ بە نیوە مووچە.

ب – نابێت کۆکراوەی مۆڵەتی نەخۆشی وەرگیراو لە ماوەی (5) ساڵدا کە دەکەوێتە پێش تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتەکەی بە 180 ڕۆژ بە مووچەی تەواو و 180 ڕۆژ بە نیوەی مووچەی پێ بدرێت.

2 – دەکرێت فەرمانبەری (ژێر تاقی کردنەوە بۆ یەکەم جار) مۆڵەتی نەخۆشی پێ بدرێت بە مووچەی تەواو تا سنووری 30 ڕۆژ و پاش ئەم ماوەیە بۆ ماوەی (45) ڕۆژ بە نیوەی مووچەکەی بە مەرجێک پاش چەسپاندنی وەزیفی لە کارەکەی لە شایستەکانی مۆڵەتەکانی نەخۆشی بهێندرێتە خوارەوە.

3 – ئەو فەرمانبەرانەی کەوا گشت مۆڵەتەکانی نەخۆشی و ئاسایی وەردەگرن و هیچ (مۆڵەتێکی کەڵەکە بووی) نامێنێت، مۆڵەتی بە بێ مووچەی پێ دەدرێت بۆ ماوەی زیاتر نەبێت لە 180 ڕۆژ ئەگەر پاش ئەم 180 ڕۆژە نەیتوانی دەست بەکاربێتەوە، خانەنشین دەکرێت.[1]

**(1) بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960 هەموار کراو ئەگەر فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی ئاسایی نەبوو و مۆڵەتەکەی پێویست بوو دەکرێت مۆڵەتی بۆ ماوەی 6 مانگ بێ مووچەی پێ بدرێت . بەڵام بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە 38 لە 2015/4/5 و ڕێنمایی دارایی ژمارە 4ی ساڵی 2015 ، مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەران بۆ ماوەی پێنج ساڵ درێژ کرایەوە و شایەنی درێژکردنەوەش بێت بۆ پێنج ساڵی تر.**

4 – بەدەرکردنــی فەرمانبەرانــی تووشــبوو بە نەخۆشــییەکانی ســیل و شێرپەنجە و هەر نەخۆشییەکی تر کەوا چارەسەرییان نییە یان ماوەیەکی زۆریــان پێویســتە بۆ چارەســەر ئەویش بە ســەلماندنی لە لایــەن لیژنەی پزیشــکی پسپۆر لە حوکمەکانی ئەم مادەیە، مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو بۆ دادەنرێت بۆ ماوەی تێپەڕ نەبێت لە 2 ســاڵ و پاش ئەم 2 ســاڵە ئەگەر نەیتوانی بەردەوام بێت لە کار کردن ئەوا خانەنشین دەکرێت.(1)

## خولاندنەوەی مۆڵەتەکانی فەرمانبەر

**مادەی چل و حەفتەم:**

مولەتەکانی ئاسایی و نەخۆشی بۆ فەرمانبەر دەخولێندرێتەوە (تدویر) کە شایستەی بووە پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

## 7 - مۆڵەتی بەرکارهێنەر (المستخدم)

**مادەی چل و هەشتەم:(2)**

(1) 1 – بە پێی یاسای ژمارە 109ی ساڵی 1977ی هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی بەم شێوەیەی سەرەوەی لێهات.
2 – بەڵام بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 392 لە 1980/3/16 گۆڕدرا بۆ 3 ساڵ بە مووچەی تەواو ئەگەر فەرمانبەر تووشی نەخۆشییەک هات کە چارەسەرییەکەی پێویست بە کاتێکی درێژ بکات بە پێی راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند و پاش ئەم 3 ساڵە دووبارە نەخۆشەکە پشکنینی بۆ دەکرێتەوە لە لایەن لیژنەی پزیشکیەوە بۆ دڵنیا بوون لە بەردەوام بوون لە کارەکەی یان تەنسیب کردنی بۆ کارێکی تر کە لەگەڵ باری تەندروستی بگونجێت ئەگەر بە شێوەیەکی کۆتایی شیاو نەبوو بۆ کار کردن ئەوا خانەشین دەکرێت بەبێ رەچاو کردنی خزمەتی وەزیفی.
(2) بە پێی ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش 911 لە 1978/8/19 هەڵوەشاوەتەوە.

## فەوتانی مۆڵەتەکانی فەرمانبەری دەست لە کار کێشراو

**مادەی چل و نۆیەم:**

1 – فەرمانبەری دەست لە کار کێشاوە (مستقیل) گشت مۆڵەتەکانی ئاسایی و نەخۆشـی دەفەوتێـن (جگە لەوانەی دەسـت لە کار کێشـانەوەکەیان بۆ مەبەسـتی دامەزرانـدن بە پۆسـتی وەزیر یان ئەندامـی پەرلەمان بێت یان خوێندن یان بۆ وەرگرتنی پسپۆریەتی بێت لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ خزمەت هەمـوو مۆڵەتەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە) بە رەچـاو کردنی بڕگە 5 لە مادەی 45ی سەرەوە.

**2 – پێدانی فەرمانبەری دەست لە کار کێشاوە بە رەزامەندی فەرمانگەکەی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکە بووەکانی و کە لە بەرزترین رادەی تێپەڕ نەبێت لە 180 رۆژ و ئەم مۆڵەتە بە خزمەت ئەژمار ناکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەگەر هاتوو لەم ماوەیە زیاتر بوو.**[1]

## 8 - مۆڵەتی خوێندن

**مادەی پەنجایەم:**[2] & [3]

---

**(1) بڕگەی 2 لەم مادەیە زیاد کرا بە پێی یاسای ژمارە 55ی ساڵی 2007 هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کاری پێ ناکرێت و لە لایەن وەزارەتی داراییەوە هیچ رێنماییەک بەم بابەتە دەرنەچووە.**

**(2) بە پێی مادە 3 یاسای هەمواری ژمارە 14ی ساڵی 2009ی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو، بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 930 لە ساڵی 1980 .**

**(3) ئەم مادەیە بە پێی مادە 1ی یاسای هەمواری ژمارە 14ی ساڵی 2009ی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو هەڵوەشایەوە و ئەمەی سەرەوە شوێنی گرتەوە، هەروەها ئەم مۆڵەتە بە پێی رێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی فیداڵ ژمارە 165ی ساڵی 2011 و بە پێی رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم ژمارە 11ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت.**

**أ- پێکهێنانی لیژنە =**

= • پێویستە لیژنەیەکی تایبەت پێک بهێندرێت بە پێی فەرمانی وەزیر یا سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوبە وەزارەتەکان بە ناوی (لیژنەی مۆڵەتەکانی خوێندن) بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە نابێت پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی خوارتر بێت و دوو ئەندام کە پلەیان لە بەڕێوەبەر یان هاوتاکەی کەمتر نەبێت.

• ئەم لیژنەیە سەیری داواکارییەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و عێراق دەکات، پاش هەبوونی ئەو مەرجانەی کەوا لە لە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2009 یاسای هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960 هاتوون. • لیژنەکە راسپاردەکان بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەتەکان بەرز دەکاتەوە بۆ پەسند کردنی.

ب- مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن:

1 - پێویستە پلەی فەرمانبەرەکە لە پلە 1 بەرەو خوار بێت بە پێی ریزبەندی پلە و مووچەی کە لە یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە 22ی ساڵی 2008 دیاری کراوە واتە پلە تایبەتییەکان ناگرێتەوە.

2 - بڕوانامەیەکی بەدەست هێنا بێت لە دامەزراوەیەکی خوێندن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە کە باوەڕ پێکراو بێت بۆ ئەوەی لە پسپۆری پێویست خوێندن تەواو بکات.

3 - پێویستە فەرمانبەر (2) ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت پاش بەدەست هێنانی دوا بڕوانامەی.

4 - پێویستە رەزامەندی دامەزراوەیەکی خوێندنی هەبێت کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە باوەڕ پێکراو بێت، لە دەوامی بەیانیان بێت بۆ خوێندن لە ناوەوەی هەرێم و عێراق.

5 - نابێت تەمەنی کاندیدی خوێندنی ماستەرو هاوتاکانی لە 45 چل و پێنج ساڵ زیاتر بێت و بۆ دکتۆراش لە 50 پەنجا ساڵ زیاتر بێت.

6 - نابێت تێکڕای نمرەی پێشکەشکاری خوێندنی ماستەرو هاوتاکانی لە 65 % کەمتر بێت و تێکڕای نمرەی پێشکەشکاری خوێندنی دکتۆرا لە 70 % کەمتر بێت.

7 - وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە مۆڵەتی خوێندن بەو فەرمانبەرە بدات کە تێکڕای نمرەکانی لە برگەی 6 کەمترە بە مەرجێک خزمەتی وەزیفی هەبێت لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

8 - دەرچووانی پسپۆرییەکانی ئەندازیاری و پزیشکی لە مەرجی تێکڕای نمرە بەدەر دەبن بە مەرجێک لە دەرچووانی سەرکەوتووی چارەکی یەکەم بن.

9 - پێویستە بابەتی خوێندنەکەی پەیوەندی راستەوخۆی بە کارو وەزیفەکەی هەبێت، هەروەها پسپۆری ئەو بڕوانامەی کە هەیەتی.

10 - رەزامەندی وەرگرتن لە زانکۆکان یان کۆلیژەکان یان پەیمانگەکان.

ج- شایستەی فەرمانبەری مۆڵەتدراو:

• دەرماڵەی جێگیر کە لە برگە أ لە بەندی یەکەم لە مادە 1ی یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2009 هاتووە بریتییە لە دەرماڵەکانی بڕوانامە و خێزان و منداڵ، کە لە یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2008 هاتووە.

• فەرمانبەری مۆڵەتدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات، جگە لە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی جێگیر ئەم شایستە داراییانەی خوارەوەش وەردەگرێت:

1 - جیاوازی نێوان مووچەکەی لە ناوەوەی عێراق و مووچەی دیاری کراو بۆ قوتابی نێردراو (بعثة) لەو وڵاتەی کەوا لێی دەخوێنێت و لە سەر بنەمای نرخی فەرمی لە عێراق بۆ دراوی کارپێکراو لە وڵات ئەژمار دەکرێت.

2 - کرێی پیتاکی سەفەر =

## مۆڵەتی خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات

**یەکەم:**

أ- بـۆ وەزیـری تایبەتمەند یان سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بە وەزارەت هەیە بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەری هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیـی یـان باڵا و 2 سـاڵی لە خزمەتی کردەیی وەزیفـی تەواو کردبێت پـاش دوا بڕوانامەی، لە دەرەوەی عێراق و بە هەموو مووچە و و دەرماڵە

---

= 3 - تێچووی چاپی تێزەکەی.

• پێویستە فەرمانبەری مۆڵەت پێدراوی خوێندن لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق بەڵێننامەیەک پڕبکاتەوە.

• پێویستە فەرمانبەری مۆڵەت پێدراوی خوێندن لە دەرەوەی عێراق کەفیلێکی (خانووبەرە، یان کەسی باوەڕ پێکراوی هەبێت).

• فەرمانبەری مۆڵەت پێدراوی خوێندن مامەڵەی قوتابی نێردراوی (طالب بعثة) لەگەڵ دەکرێت.

• ماوەی مۆڵەتی خوێندن بەخزمەتی کردەیی ئەژمار دەکرێت بۆ سەرمووچەو پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینی بە مەرجێک بە سەرکەوتوویی بڕوانامەکە بەدەست بهێنێت و ئەگەر بڕوانامەیەکی خوارتری بەدەست هێنا لەوەی کەوا مۆڵەتی بۆ وەرگرتووە، ئەوا ماوەی خوێندنەکەی بە خزمەتی کردەیی ئەژمار ناکرێت..

• هەر فەرمانبەرێکی مۆڵەتدراو بۆ خوێندن ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەست هێنانی بڕوانامەکەی، ئەوا خۆی هەموو خەرجییەکانی خوێندنەکەی لە ماوەی خوێندنەکەی بە مووچەکەشیەوە و کرێی پیتاکی سەفەر دەگرێتە ئەستۆ. تەنیا ئەگەر بە هۆی نەخۆشییەوە بێت، ئەویش بە ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند یان بارودۆخێکی زۆر دژوار.

• دەکرێت مۆڵەتی خوێندن درێژ بکرێتەوە، ئەگەر بە پێویست زاندرا، بەڵام دەبێت بە پشتگیری مامۆستای سەرپەرشتیار و دامەزراوەی خوێندنەکەوە بێت، لە ڕێگای پێشکەش کردنی داواکاری ئەم درێژ کردنەوەیە بۆ ماوەی یەک ساڵ ، ئەگەر پێویستی کرد ئەوا 6 مانگی تری بۆ درێژ دەکرێتەوە.

• وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و لە کاتی پێویستدا و بە پشتگیری دامەزراوەی خوێندن کە فەرمانبەرەکە لێی دەخوێنێت لە ناوەوەی عێراق و لە حاڵەتی بەدەست نەهێنانی بڕوانامەکە لە ماوەی مۆڵەتەکەی و ماوەی درێژ کردنەوە بە پێی مادە 1 لە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2009 بۆی هەیە مۆڵەتی ئاسایی بە مووچە یان بێ مووچە بە پێی هەبوونی شایستەی یاسایی مۆڵەت بە فەرمانبەرەکە بدات کە لە 2 مانگ زیاتر نەبێت بۆ یەک جار ، بەڵێننامەکەی لە سەر جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر بڕوانامە بەدەست نەهێنێت لە مۆلەتە ئاساییەکەی.

• هەر وەزارەتێک یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت لە سەرەتای هەموو ساڵێک پێویستییەکانی کورسی خوێندن پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان دەکات و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەست بە ئامادە کردنی پلانێکی مەرگشتگیر لە سەر ئەم بابەتە دەکات.

جێگیرەکانی[1] کە وەری دەگرێت بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەیەکی بەرزتر بۆ ئەو ماوەیەی کە پێویســت دەکات بۆ خوێندن و فێربوونی زمان بە پێی مەرجەکانی کە پەیڕەو کراوە بۆ قوتابیانی ناردن (طلاب البعثات).

ب- دەکرێــت مۆڵەتــی خوێندنــی هاتوو لە بڕگە یەکەم/أ لــەم مادەیە، درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ج- دەکرێــت مۆڵەتی خوێندنی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (أ و ب) ی بڕگەی یەکەم لەم مادەیە، درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 6 مانگ ئەگەر پێویســت بکات کە بە پشتگیرییەک (پێویستی قوتابی بەم درێژ کردنەوەیە) بسەلمێندرێت.

د- فەرمانبــەری مۆڵەتدراوی خوێندن مامەڵــەی قوتابی نێردراوی (بعثات) بۆ دەکرێت پەیوەســت بە خەرجی لێ کردنی لە رێگای پێشــینە لە حاڵەتی کەوتن (رسوب) و ئەو ماوەیەی لە پێشتر هاتووە بە مۆڵەتی بە بێ مووچە دادەندرێت.

هـ- دەبێت فەرمانبەری مۆڵەتدراوی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە لە دەرەوەی عێراق، کەفالەتێکی خانووبەرە یان کەفالەتی کەسێکی مسۆگەر کە یەکســان بێت بە گشــت مووچەکانی و دەرماڵەکانی تر کە وەری دەگرێت و گشت خەرجییەکان و پاداشتەکان و هاوکاریەکانی کە لێی خەرج دەکرێت لە ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی بۆ ئەو ماوەیەی کە خوێندنەکە پێویســتیەتی و فێربوونی زمان و لە حاڵەتی درێژ کردنەوەی مۆڵەتەکەی، پێشکەش بکات.

## مۆڵەتی خوێندن بۆ ناوەوەی وڵات

**دووەم: بۆ وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت هەیە بۆ پێدانی  فەرمانبەر کە 2 ســاڵی لە خزمەتی کردەیی وەزیفی تەواو کردبێت پاش دوا بڕوانامەی، مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوەی عێراق  بە هەموو**

**(1) مەبەست لە دەرماڵەی جێگیر بریتییە لە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی منداڵ و خێزان و بڕوانامە.**

**مووچە و و دەرماڵە جێگیرەکانی کە وەری دەگرێت بۆ بەدەست هێنانی:**

أ- بڕوانامەی باڵا بۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆن و بۆ ئەو ماوەیەی کە بڕیار دراوە بۆ خوێندن و دەکرێت درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 1 ساڵ ئەگەر وا پێویست بکات.

ب- بڕوانامەی دبلۆم پاش خوێندنی ئامادەیی بۆ ماوەی 2 ساڵ.

ج- بڕوانامــەی بەرایــی زانکــۆ (بەکالۆریۆس) پاش خوێندنــی ئامادەیی بۆ ماوەی 4 ساڵ.

**سێیەم:**

مەرجە لە پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ بابەتی خوێندنی فەرمانبەرەکە پەیوەندی بە پســپۆرییەکەی هەبێت و لە بەر رۆشــنایی پسپۆرییەکانی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.

**چوارەم:**

أ- مــاوەی مۆڵەتــی خوێندنی پــێ دراو بە فەرمانبەر بــە خزمەتی کردەیی دادەندرێت بۆ مەبەســتەکانی ســەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە لە حاڵەتی بەدەست هێنانی بڕوانامەی کە گرێبەستی بۆ کردووە.

ب- ئەژمار نەکردنی ماوەی خوێندنی فەرمانبەری مۆڵەتدراوی خوێندن بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە ئەگەر لە خوێندنەکەی شکستی هێنا بە هەر هۆیەک بێت، جگە لە نەخۆشــییەک کە رێگر بێت لە بەردەوامی دان بــە خوێندنەکەی و دەرچوونی بەســەرکەوتوویی، ئەمەش بە راپۆرتی پزیشــکی دەبێت و پەســند کرابێت لە لایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆر یان بارودۆخێکی زۆر سەخت (قاهر) کە رێگر بێت لە بەردەم فەرمانبەرەکە بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنەکەی.

ج- ئەگــەر فەرمامبــەری مۆڵــەت دراوی خوێنــدن بڕوانامەیەكــی نزمتری بەدەســت هێنا لەو بڕوانامەیەی كە گرێبەســتی لە سەر كردووە، ئەوا (ئەو مــاوە زیادەیەی لــە نزمتریــن رادەی رێگەپێدراو بۆ بەدەســت هێنانی ئەم بڕوانامەیە) بۆ ئەژمار ناكرێت بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرز كردنەوە.

د- فەرمانبــەری شكســتخواردوو لــە خوێندنەكــەی گشــت خەرجییەكانی خوێنــدن لە ئەســتۆ دەگرێت كە لە مــاوەی خوێندنەكەی بۆ خەرج كراوە و لە نێویشــیدا مووچەكانــی وەزیفەكەی كە وەریگرتووە و كرێی ســەفەر و بەدەر كردنی ئەم شكســتە بۆ ئەوانەی كە بە هۆی نەخۆشــی بە راپۆرتی پزیشــكی پەسند كراو لە لایەن لیژنەی پزیشكی فەرمی پسپۆر یان بە هۆی بارودۆخی (سەخت-قاهر) كە رێگر بێت لە بەردەوامی خوێندنەكەی.

**پێنجەم:**

فەرمانبــەری مۆڵەتدراوی خوێندن بۆ بەدەســت هێنانــی بڕوانامەیەكی باڵا لــە ناوەوە و دەرەوەی عێــراق و ئەوانەی بۆ ئەم بڕوانامەی خوێندنەی كە گرێبەســتی لە سەر كردووە بەدەســتدەهێنن لەماوەی یاسایی دیاریكراوی خوێندنەكە كە لە گرێبەســتەكە چەســپاوە بەبێ درێژكردنەوەی ماوەكەی، ئەم جیاووگانەی (الامتیازات) خوارەوە دەیگرێتەوە سەرباری جیاووگەكانی كە شایستەی دەبێت بە پێی یاسا كار پێكراوەكان:

أ- ئەو ماوەیەی كە دەمێنێتەوە لە ماوەی خوێندنەكەی كە چەسپێندراوە لە گرێبەستەكەی، بە پێشخســتن ئەژمار دەكرێت بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرز كردنەوە و خانەنشینی لە حاڵەتی تەواو كردنی خوێندنەكەی پێش تەواو بوونی ماوەكەی.

ب- ماوەی مۆڵەتی خوێندنی هاتوو لە بڕگە یەكەم- أ لەم مادەیە، راستەوخۆ درێــژ دەكرێتــەوە بۆ بەدەســت هێنانی بڕوانامەیەكــی بەرزتر بە مەرجێك

دەربچێت بە سەرکەوتوویی بە لایەنی کەم  بە پلەی زۆر باش.

**شەشەم:**

ڕێگا بە فەرمانبەر دەدرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ناوەوەی عێراق و ئەو بڕوانامەی کە گرێبەستی بۆ کردووە بەدەست بهێنێت لە ماوە بڕیار دراوەکەی و بە پلەی زۆر باش بە لایەنی کەم، بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتاکەی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.[1]

**حەفتەم:**

بە ڕێنماییەک (کە لە لایەن وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەل وەزیری دارایی، مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتەکانی خوێندن و شێوەی ئەم بەڵێننامەی کە فەرمانبەری مۆڵەتدراوی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق) دیاری دەکرێت.[2]

**هەشتەم:**

هەر وەزارەتێک و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و لە سەرەتای هەر ساڵێک پێویستییەکانی لە کورسییەکانی خوێندن پێشکەش دەکات بۆ وەزاەرتی پلاندانان و لە سەر ئەم وەزارەتەیە بە هەماهەنگێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئامادە کردنی پلانی ناوەندی کە تێیدا کورسییەکانی تەرخان کراو بۆ هەر وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دیاری کرابێت بە پێی پێویستی وڵات بە پسپۆرییە زانستی و پیشەیی دەبێت وادەیەک بە وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت رابگەیەنێت کە لە کۆتایی مانگی ئازار لە هەمان ساڵ تێپەڕ نەکات.

---

**(1) واتە بەبێ مەرجی دوو ساڵ بەسەر دوا بڕوانامەکەی تێپەڕ  بێت.**
**(2) ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی فیداڵ ژمارە 165ی ساڵی 2011**

## 9 - مۆڵەتی پێکان لە کار کردن [1]

یاسای ناتوانایی تەندروستی بۆ فەرمانبەران (العجز الصحی للموظفین) ژمارە 11ی ساڵی 1999 و گشتاندنی وەزارەتی دارایی هەرێم ژمارە2ی ساڵی 2013.

**تێبینی: ئەم جۆرە مۆڵەتە بۆ ئەوانەیە کە بە هۆی وەزیفە تووشی نەخۆشی دەبن یان پەککەوتە دەبن، بەڵام وەزارەتی دارایی هەرێم گشتاندنی پێ دەرکردووە و ئاماژەی نەداوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 392 لە 1980/3/16 کە لە بواری جێبەجێ کردندایە کە 3 ساڵ مۆڵەت دەدات بە مووچەی تەواو ئەگەر فەرمانبەر تووشی نەخۆشییەک هات کە چارەسەرییەکەی پێویست بە کاتێکی درێژ بکات بە پێی راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند و پاش ئەم 3 ساڵە دووبارە نەخۆشەکە پشکنینی بۆ دەکرێتەوە لە لایەن لیژنەی پزیشکی بۆ دڵنیا بوون**

---

(1) تێبینی: ئەم بابەتە بە پێی یاسای ناتوانایی تەندروستی بۆ فەرمانبەران (العجز الصحی للموظفین) ژمارە 11ی ساڵی 1999 رێکخراوە لە عێراق بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە گشتاندنی دارایی ژمارە2ی ساڵی 2013 بە نووسراویان ژمارە 8730 لە 2013/5/8 بە پشت بەستن بەم یاسایە، ئەم مۆڵەتە دەرچووە و پێویستە بە یاسای جێبەجێکردن ئەم یاسایەش لە هەرێمی کوردستان کاری پێ بکرێت چونکە یاساکە زۆر تێر و تەسەلە.

- ئەگەر فەرمانبەرێک تووشی نەخۆشییەک هات و پێویستی بە چارەسەر بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یان لەو نەخۆشییە گرانانە بوو کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دریاری کراوە، مۆڵەتی نەخۆشی تایبەتی پێ دەدرێت بە مووچەی تەواو بۆ ماوەیەک کە لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت بە بڕیاری لیژنەی پزیشکی.
- لە کاتی تەواو بوونی مۆڵەتی نەخۆشی تایبەت (بۆ ماوەی 3 ساڵ) دووبارە پشکنینی فەرمانبەرەکە لە لایەن لیژنەی پزیشکییەوە دەکرێت بۆ پیشاندانی باری تەندروستی فەرمانبەر بەوەی کەوا ئایا بگەرێتەوە سەر کارەکەی یان کارێکی تری پێ بسپێردرێت کە لەگەڵ بارە تەندروستییەکەی بگونجێت یان بە بڕیاردان لە سەر ئەوەی کەوا ناتوانێ کار بکات، لەو حاڵەتەدا خانەنشین دەکرێت بەبێ گوێ دانە ماوەی خزمەتەکەی.
- خزمەتی خانەنشینی فەرمانبەری نەخۆش بە رێک کارەکانی سەرەوە دەگەیەندرێتە 15 ساڵ بە مەبەستی شایستەی مووچەی خانەنشینی و لە گشت لێبراوەکانی خانەنشینی دەبووردرێ لەو ماوەیەی کە بۆی دەخرێتە سەر.

**له بەردەوام بوون له كارەكەی یان تەنسیب كردنی بۆ كارێكی تر كه لەگەڵ باری تەندروســتی بگونجێت، ئەگەر به شــێوەیەكی كۆتایی شیاو نەبوو بۆ كار كردن، ئەوا خانەشین دەكرێت به بێ رەچاو كردنی خزمەتی وەزیفی.**

## دەرماڵەكان

**مادەی پەنجا و یەكەم و پەنجا و دووەم:[1]**

## دوو مووچەیی

**مادەی پەنجا و سێیەم:**

1 – فەرمانبەر مافی نییه دوو مووچه له یەک كاتدا وەربگرێت له دوو وەزیفەدا یان دەرماڵەی لیژنەكان یان ئەو كارانەی كه بەشێكن له ئەركەكانی خودی فەرمانبەر ، تەنیا مافی هەیه كرێی خزمەتگوزارییه تایبەتەكان وەربگرێت، كه پێشكەشــی حكومەتی دەكات ئەگەر هاتوو ئەم خزمەتگوزارییانه پەیوەندی بــه ئەركەكانی وەزیفەكانی پەســەنكراو له میلاكــی فەرمانگەكەی نەبێت و جیاواز بێت له كارە ئاســاییەكانی و ئەركەكانی ئەو فەرمانگەیەی كه كاری تیــادا دەكات و بــۆ وەزیــری دارایی هەیــه رێنمایی دەربــكات بۆ جێبەجێ كردنی ئەم مادەیه.[2]

2 – [3]

**(1) بابەتی دەرماڵەكان به رێنماییه داراییەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری رێكخراوە له ئێستا گشت دەرماڵەكان به یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2008 و 23ی ساڵی 2008 و رێنماییه داراییەكان رێكخراون.**
**(2) تكایه بڕوانه رێنمایی وەزارەتی دارایی هەرێمی كوردستان ژمارە 5ی ساڵی 2012 سەبارەت به پله بەرز كردنەوەی ئەوانەی كه تازە دادەمەزرێن.**
**(3) ئەم بڕگەیه تایبەته به خزمەتی سەربازی سوپای عێراق .**

## راگرتنی دەرماڵەکان

**مادەی پەنجاو چوارەم:**

پێدانـــی دەرماڵەکان رادەگیرێت لە کاتی نەمانی ئەو بارودۆخەی کە بووەتە هۆی پێدانی ئەم دەرمالانە.

## پێشینەی هاوسەرگیری

**مادەی پەنجا و پێنجەم:**

فەرمانبەر لە کاتی پێکهێنانی هاوســـەرگیری پێشینەیەکی پێ دەدرێت هاوتا بێــت لەگــەڵ مووچەی بنەڕەتــی بۆ چوار مانگ بە مەرجێک بە شــێوەی 4 پشــکی سالانە بیگەڕێنێتەوە کە دەست پێ دەکات لە کۆتایی ساڵی دووەمی رێکەوتــی هاوســـەرگیرییەکەی و هــەر پشــکێک دابــەش دەبێت بە ســەر مانگەکانی ساڵ کە شایستەی ئەم پشکە دەبن.[1]

## کاتژمێرەکانی کار کردن

**مادەی پەنجا و شەشەم:**

1 - کاتژمێرەکانـــی کار کـــردن لـــە فەرمانگەکانـــی حکومـــەت لـــە لایـــەن ئەنجوومەنـــی وەزیران بڕیار دەدرێت لە کاتێـــک بۆ کاتێکی تر بە مەرجێک کـــۆی کاتژمێرەکان لـــە رۆژێکدا تێپەڕ نەبێت لە 8 کاتژمێری کار کردن یان

---

**(1) بە پێی رێنمایی دارایی ژمارە 19 و 20ی ساڵی2011 و 17ی ساڵی 2014 کە بڕەکەی 5000000 پێنج ملیۆن دینارە و بە دوو پشکی سالانە و بەبڕی 180 هەزار دینار بۆ هەر پشکێک وەربگیرێتەوە یەکەمیان لە مانگی ئایار و دووەمیان لە مانگی تشرینی دووەم تا تەواو بوونی پێشینەکە، لە حالەتی تەلاق یان جیابوونەوە یان بەتاڵ کردنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری نێوان ژن و مێرد پێشینەی خەرج کراو دەکرێت بە شێوەی پشک لە سەر داوای (فەرمانبەرەکە) وەربگیرێتەوە بە رێژەی (5/1)ی مووچەکەی .ئەم هاوکارییە تەنیا بۆ مێرد یان ژن خەرج دەکرێت واتە بۆ یەکێکیان.**

44 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا.[1]

2 - بـۆ سـەرۆکی فەرمانگە هەیە بـە رەزامەندی وەزیـری تایبەتمەند بۆ بڕیاردان لە کاتەکانی کار کردن بە پێی پێویستی کاروبارەکانی فەرمانگەکەی بە مەرجێک تێپەڕ نەبێت لەو کاتژمێرانەی لە بڕگە 1ی سەرەوە هاتووە.

3 - بـۆ سـەرۆکی فەرمانگـە هەیە بە زیاد کردنـی کاتەکانی کار کردن بۆ مەبەسـتی بەجێ گەیاندنی کاروبارە بە پەلەکانـی تایبەت بە فەرمانگەکەی بـە مەرجێک تێپەڕ نەبێت لـەو کاتژمێرانەی لە بڕگە 1ی ئەم مادەیە دیاری کـراوە و دەبێـت لە بڕیای دەرچوو بۆ ئەم مەبەسـتە هۆیەکانی پێویسـت روون بکرێتـەوە بـۆ زیـاد کردنی کاتەکانی کار کـردن و هەروەها ماوەی زیادەکە و ئەو فەرمانبەرانەی کە دەیانگرێتەوە.

4 - بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە هەندێک فەرمانگە بەدەر بکات لە پیادە کردنی ئەم مادەیە.

## چارەسەر کردنی فەرمانبەری نەخۆش

**مادەی پەنجا و حەفتەم:**

1 - فەرمانبـەر و تاکەکانـی خێزانەکـەی کـە بەخێویـان دەکات بـە پێـی شـەرع، مافی سـاڕێژ و چارەسـەریان هەیە لە نەخۆشـخانە و دامەزراوە تەندروستییەکانی حکومەت بەرامبەر نرخێکی کەم بە پێی ئەمەی خوارەوە:

أ - فەرمانبەری لە پلەی 3 بەرەو خوار چارەکی کرێی بڕیار دراو دەدات.

ب-فەرمانبەری لە پلەی 2 بەرەو سەروو نیوەی کرێی بڕیار دراو دەدات.

(1) بۆ زانین ئەم بڕگەیە لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە: 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بەرامبەر 5 رۆژ کار کردن و بە تێکڕای 7 کاتژمێر لە رۆژانی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و 6 کاتژمێر لە رۆژێکدا لە رۆژی پێنجشەممە و رۆژانی هەینی و شەممەش پشووی کۆتایی هەفتەن.

2 - ئەگەر فەرمانبەر تووشـــی نەخۆشیەک یان رووداوێکی لەناکاو هات لە میانەی هەڵسانی بە کارە فەرمییەکانی وەزیفەکەی یان بە هۆیەوە، لە پیدانی کرێی هاتوو لە برگە1ی ئەم مادەیە دەبووردرێت.

3 - فەرمانبـــەر چارەســـەر دەکرێت لە نەخۆشـــخانەکان لە ســـەر خەرجی حکومەت ئەگەر نەخۆشـــیەکەی ســـەلمێندرا بە راپۆرتێـــک کە لە لیژنەیەکی پزیشـــکی فەرمی دەرچووبێت و لیژنەکە شـــایەدومانی دا، کە نەخۆشییەکە رووی داوە بە هۆی خزمەتەکەی و ئەگەر لیژنەکە پشتگیری کرد کە لە عێراق چارەســـەری نییە بە هۆی نەبوونی رێگاکانی پێویســـت بۆ چارەسەرکردنی یـــان نەبوونـــی پســـپۆری تایبەت، ئـــەوا دەنێردرێت بـــۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەســـەر کردن لە ســـەر خەرجی حکومەت بە بڕیارێـــک لە ئەنجوومەنی وەزیران بە مەرجێک لیژنەکە نەخۆشـــخانەکە یان وڵاتەکە دیاری بکات کە بە هۆیەوە پێویستە بنێردرێت.[1]

## مافی فەرمانبەر بۆ سوود وەرگرتن لە هۆیەکانی گواستنەوەی حکومی

### مادەی پەنجا و هەشتەم:

فەرمانبەر و تاکەکانی خێزانەکەی کە بەخێویان دەکات بە پێی شەرع، مافی گەشت کردنیان هەیە بە هۆیەکانی گواستنەوەی حکومی بە کرێیەکی کەمتر کە رێککەوتنی لە ســـەر دەکرێت لەگەڵ دەســـەڵاتە تایبەتمەندەکانی بە پێی بەیانێـــک کە دواتر دەردەچێت و حوکمەکانی ئـــەم مادەیە جێبەجێ ناکرێت لە ســـەر ئەو گەشـــتانەی کە فەرمانبەر یان نزیکەکانی پێی هەڵدەســـتێت بە سیفەتە فەرمییەکەی.

**(1) بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆرش ژمارە 867 لە 1986/11/13 کە هەموو دەقە یاساییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە کەرێگا دەدات بە شاند کردن بۆ مەبەستی چارەسەرکردن..**

## سکاڵای فەرمانبەران لە دادگاکان

**مادەی پەنجاو نۆیەم:**

1 - ڕێگا نادرێت لە دادگاکان بە داوا و سکاڵای فەرمانبەران لە سەر حکومەت بە هۆی ئەو مافانەی کە دروست بووە بە هۆی ئەم یاسایە یان بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 55ی ساڵی 1956 و هەموارەکانی یان هەر سیستەمێک کە بە هۆیەوە دەرچوو بێت، دەبێت سەیر کردنی ئەم بابەتانە لە لایەن ئەنجوومەنی ڕێککاری گشتییەوە بێت.

2 - فەرمانبەر دەبێت بڕی 3 دینار بدات لە کاتی پێشکەش کردنی داوا بە پێی بڕگە 1 ی سەرەوە بە مەرجێک ئەم بڕە پارەیە یان بەشێکی بۆی بگێڕدرێتەوە لە کاتی بڕیاردان لە لایەن ئەنجوومەنەکە کە حوکمەکە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرکە تەواو دەبێت.

3 - پشت گوێ خستنی ئەو داوایانەی کە لە سەر حکومەت تۆمار دەکرێت پاش 30 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی فەرمانبەر بە فەرمانی پەڵپگیراوەکە (الاعتراض من القرار) ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی عێراق بوو و بۆ ماوەی 60 ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراق بوو.

4 - بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ڕێککاری گشتی دەبێت حکومەت پێیەوە پابەند بێت.

## ڕاگرتنی مووچە و دەرماڵە لە ئەنجامی قەرزاری فەرمانبەر

**مادەی شەستەم:**

**نابێت گلدانەوە (حجز) لە سەر مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەر دابندرێت بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی پێش وەرگرتنی لە گەنجینە بەرامبەر قەرزی سەر فەرمانبەر تەنیا لەم حاڵەتانەی خوارەوە نەبێت بە مەرجێک**

**لێبڕینەکەی لە 3/1ی مووچە و دەرماڵەی تێپەڕ نەبێت:**

1 - ئەگەر هاتوو قەرزەکە بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت یان دامەزراوە نیمچــە فەرمییەکان کــە ئەنجوومەنی وەزیران بریــار دەدات بە گلدانەوەی مووچەکەی بەرامبەر قەرزەکە..

2 - ئەگەر هاتوو قەرزەکە بۆ مەبەســتی دانەوەی خەرجی شــەرعی (نفقة شرعية) بێت.

3 - ئەگەر هاتوو قەرزەکە ســەری هەڵدا بێت لە ئەنجامی مارەیی (مهر) لە سەر فەرمانبەر.

## زیانگەیاندن بە خەزینەی دەوڵەت و ئەستۆ پاکی

**مادەی شەست و یەکەم:**

1 - وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە دڵنیا بێت لە ئەســتۆپاکی فەرمانبەر لەو زەرەر و زیانانــەی کەوا بە خەزینەی دەوڵەت دەکەوێت بە هۆی گوێنەدان یان ســەرپێچی کردنی فەرمانبەر لە یاســا و سیســتەم و ڕێنماییە کار پێ کــراوەکان و فەرمانبەرەکــەش مافــی تانەدانــی هەیە لە بڕیــاری وەزیری تایبەتمەند لە دادگا مەدەنییەکان لە ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی.

2 - ڕێگــری ناکرێــت لە فەرمانبەر بــۆ چوونە دەرەوەی لــە وەزیفە (واتە بەجێهێشــتنی وەزیفە) بە هیچ شێوەیەک ئەگەر دڵنیابێت لە بڕگەی 1ی ئەم مادەیە.[1]

**(1) ئەم مادەیە وەکو ئەوەی هاتووە لە سەرەوە بە پێی یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە 49ی ساڵی 1979 ڕاست کرایەوە.**

## دوورخستنەوەی فەرمانبەر لە کاتی نەبوونی یەکێک لە مەرجەکانی دامەزراندن

**مادەی شەست و دووەم:**

ئەگەر سەلمێندرا کە مەرجەکانی دامەزراندن کە لە هەردوو مادەی 7و 8ی ئەم یاسایەدا هاتووە بە تەواوی بوونی نەبوو یان بەشێکی بوونی نەبوو لە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەر، دەبێت دوور بخرێتەوە بە فەرمانێک لە دەسەڵاتی دامەزراندن (سلطة التعيين)، بەڵام ئەگەر هاتوو رێگرییەکی یاسایی هەبوو لە دامەزراندن و هیچ هۆکارێکی تر نەبوو بۆ دوورخستنەوەی، دەکرێت لە خزمەت بمێنێتەوە بە مەرجێک ئەم خزمەتەی تا تەواو کردنی مەرجەکان دەیکات بە خزمەت ئەژمار نەکرێت بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

## قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەر

**مادەی شەست و سێیەم:**

پێویستە وەزیری دارایی بە دەرچوواندنی رێنماییەک قەرەبووی فەرمانبەران بکاتەوە لە کاتی ون بوونی یان تێکچوونی کەلوپەلەکانی و هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە لەناو دەچن لە کاتی هەڵسانی فەرمانبەر بە ئەرکە فەرمییەکان.

## تۆماری فەرمانبەران و رادەست کردن و وەرگرتن لە نێوان فەرمانبەران

**مادەی شەست و چوارەم:**

**حکومەت بۆی هەیە سەرباری سیستەمەکانی هاتوو لەم یاسایە، سیستەمی تایبەت دەربچوێنێت بەم کاروبارانەی خوارەوە:**

1 - تەشریفاتی دەوڵەت[1]

(1)بە پێی مادەی دووەم لە یاسای مەراسیم ژمارە 26ی ساڵی 2006 ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشاوەتەوە.

2 - رادەست کردن و وەرگرتن (التسليم والتسلم) لە نێوان فەرمانبەران.[1]

3 - تۆماری فەرمانبەران.

## مووچەی بنەڕەتی 6 مانگ بۆ خانەنشینانی 15 ساڵ خزمەت

**مادەی شەست و پێنجەم:[2]**

پێدانی مافەکانی خانەنشینی بە فەرمانبەر یان ئەو کەسەی مافی دەکەوێت پاش مردنی بە پێی یاسای خانەنشینی، مووچەی 6 مانگی تێکڕای مووچەی بنەڕەتی کۆتایی، ئەگەر خانەنشین کرا بە تەواو کردنی 15 ساڵ خزمەت بە هۆی نەخۆشی یان ناتوانایی تەندروستی کە لە کاتی خزمەتدا تووش بووبێت یان بە هۆیەوە یان ئەگەر کۆچی دوایی کرد بە هۆیەوە بە بێ گوێدانە ماوە خزمەتەکەی.

(1) سیستەمی رادەست کردن و وەرگرتن لە نێوان فەرمانبەران و پارێزگاری کردن لە هەبووەکانی فەرمانگەکانی دەوڵەت ژمارە 2ی ساڵی 1996ی عێراقی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کاری پێ ناکرێت و هاوشێوەشی لە هەرێمی کوردستان دەرنەچووە.

(2) ئەم مادەیە برگە 2ـەمی بۆ زیاد کرا بە پێی یاسای ژمارە 29ی ساڵی 2008 (یاسای هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی) ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەم شێوەیە: 2 - ئەو فەرمانبەرانەی حوکمەکانی مادە 5ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە یاسای ژمارە 3 ی ساڵی 2008 یاسای دەزگای شەهیدان، گشت مووچە کەڵەکە بووەکانی پێ دەدرێت لە رێکەوتی گرتنی یان گلدانەوەی یان دەستگیر کردنی تا رێکەوتی رایی کردی مامەڵەی ئەژمار کردنی مووچە کەڵەکە بووەکانی و بە رەچاو کردنی:

أ- شایستەکانی لە گشت مووچەکانی کە دراون بە هاوشێوەکانیان لەم ماوەیە.

ب- پلەبەندی مووچەی کە کاری پێ دەکرا لە وادەی خەرج کردنی، دەبێتە پێوەری ئەژمار کردنی مووچە کەڵەکە بووەکانی.

ج- حوکمەکانی مادەی 16 لە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006 رەچاو دەکرێت بۆ مەبەستی دیاری کردنی مانای خاوەنی فەرمانبەری هاتوو لە برگە 2.

د- ئەمە پیادە دەکرێت لە سەر هەموو راسپێردراوێک بە وەزیفەیەکی گشتی کە مادەی 5 لە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006 دەیگرێتەوە، بەدەر لە حوکمەکانی مادەی یەکەم لە یاسای خزمەتی شارستانی.

## دەرچوواندنی ڕێنمایی لە لایەن وەزیری داراییەوە

**مادەی شەست و شەشەم:**

لە سەر وەزیری داراییە ڕێنماییە پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە جگە لەوەی کە ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی دەریدەچوێنێ بە پێی دەسەڵاتەکانی بە پێی ئەم یاسایە[1]

**مادەی شەست و حەفتەم:**

بەم یاسایە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 55ی ساڵی 1956 و هەموارەکانی هەڵوەشایەوە و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەر حوکمێک لە هەر یاسایەکی تر کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە جگە لە یاسای پاکسازی دامودەزگاکانی حکومەت (قانون تطهير الجهاز الحكومي).

**مادەی شەست و هەشتەم:**

کار کردن بە سیستەمە دەرچووەکانی بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی و یاساکانی خزمەتی تری هەڵوەشاوە، ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبێت تا دەگۆڕدرێت بە سیستەمی تر.

**مادەی شەست و نۆیەم:**

ئەم یاسایەی جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی 1 نیسان 1960.[2]

**مادەی حەفتایەم:**

لە سەر وەزیرەکانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

---

**(1) تێبینی کردنی بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 996 لە 1979/8/2 کە ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی هەڵوەشاندەوە و تەنیا وەزیری دارایی ڕاسپارد بۆ دەرچواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**
**(2) لە ژمارە 300ی ڕۆژی 1960/2/6 لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە.**